# پشکداریی کورد لە زانستە ئایینییەکان لە دیمەشق لە سەردەمی مەمالیکدا (٦٥٨-٩٢٢ک/١٢٦٠-١٥١٦ز)

## تویژینەوەیەکی میژوویی-شارستانییە

پ.د.حکیم احمد مام بکر
زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
Hakeem.mambakr@su.edu.krd

قوتابی.ماستر.ئاواز نجاە محمد
زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئاداب-بەشی مێژوو
Awaz.n94.muhamad@gmail.cam

---

**پوختە:**

ئـەم توێژینـەوە مێژووییيـە لەژێـر ناونیشـانی «پشـکداریی کـورد لـە زانسـتە ئایینییـەکان لـە دیمەشـق لـە سـەردەمی مەمالیکـدا (٦٥٨-٩٢٢ک/١٢٦٠-١٥١٦ز)». کـورد بـە یەکێـک لـە نەتـەوە موسـڵمانەکان دادەنرێـت لـە دەرەوەی زێـدی خۆیـان، زیاتـر لـە باکـووری وڵاتـی شـام و بەتایبەتـی دیمەشـق ڕۆڵـی کارایـان هەبـوو. ئـەم شـارە مەڵبەنـدی ژمارەیەکـی زۆری هـۆزی نەتـەوەی کـوردی تێـدا نیشـتەجێ بـووە. لەسـەردەمی مەمالیکـدا کـورد ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـوو لـە بەرەوپێشـبردنی ژیانـی زانسـتی ئایینیـی شـارەکە و خزمەتـی بەرچاویـان پێشـکەش بـە کۆمەڵگـەی دیمەشـق کـردووە. لـەم توێژینەوەیـەدا، تیشـک خراوەتـە سـەر دیاتریـن ئـەم زانسـتە ئایینیانـەی کـە ڕۆڵـی کوردیـان تێـدا دروەشـاوەتەوە، بەتایبەتـی لـە زانسـتەکانی قورئانـی پیـرۆز و فەرمـوودە و شـەرعزانی (فقـە)، وێـڕای باسـکردنی ڕۆڵـی زاناکانـی کـورد لـە زانسـتی سـۆفیگەری، ئـەو زانـا کوردانـەی لـە هەریـەک لـەم زانسـتانە پشـکدار بـوون، بەرهەمـە زانسـتە ئایینیـەکان لـە دیمەشـق و دەرەوی شـارەکە خراوەتـە ڕوو.

کلیلەوشە: کورد، زانا، دیمەشق، زانستی ئایینی.

پێشەکی:

نیابـەی دیمەشـق لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی مەمالیکـدا، پێگـە و تایبەتمەندیـی خـۆی هەبـوو، ئـەم شـارە مەڵبەنـدی وڵاتـی شـام بـوو. کـورد بـە یەکێـک لـە نەتـەوە موسـڵمانەکان دادەنرێـت کـە لـە دەرەوەی زێـدی خۆیـان زیاتـر باکـووری وڵاتـی شـام بەگشـتی و دیمەشـق بـە تایبەتـی، ڕۆڵـی کارایـان هەبـووە.

کـورد هـەر لـە کۆنـەوە یەکێـک بـوو لـە سـەرەیکترین پێکهاتـەی نەتەوەیـی و دانەبـڕاوی کۆمەڵگـەی دیمەشـقی، تەنانـەت زیندووتریـن و چالاکتریـن نەتـەوە بـوون لـەم شـارە، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی مەمالیکـدا، ئـەم شـارە مەڵبەنـدی چڕبوونـەوەی ڕێژەیەکـی بەرچـاو ماڵبـات و خانـەوادەی ڕەسـەنی کـوردی بـووە لـە ڕێـزی بنەماڵـە گەورەکانـی دیمەشـق ئەژمـار کـراون، پێگەیەکـی بـەرز و چەسـپاویان هەبـوو بـە جۆرێـک کـە زۆرجـار سـەرکردایەتیی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـەنبیریی کۆمەڵگـەی دیمەشـقیان کـردووە.

لـە بـارەی هەڵبژاردنـی بابەتەکـەوە، دەکرێـت ئامـاژە بـە چەنـد هۆکارێـک بکرێـت، سـەرەکترینیان ئـارەزووی توێـژەر بـۆ بابەتەکـە، بـۆ کارکـردن لـە سـەر کۆکردنـەوە و سـەرلەنوێ پۆلینکردنـەوەی بەشـە پەرتەوازەکانـی زانسـتە ئایینیـەکان لـە دیمەشـق و ڕۆڵـی کەسـایەتییە کوردییـەکان لـە بەرەوپێشـبردنی زاسـتەکە لـە شـارەکەدا، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی ئـەم بابەتـە هەڵبژێریـن لـە چوارچێـوەی توێژینەوەیەکـی ئەکادیمیـی سـەربەخۆدا بیخەینـە ڕوو.

بـۆ دیارکردنـی کەسـایەتییە کوردییـەکان لـە دیمەشـق، ئەمـە وێـڕای ئـەوەی هەندێـک کەسـایەتی هەیـە، هیـچ یـەک لـەم تایبەتمەندییانەیـان نییـە بـەڵام نـاسراون کـە کـوردن.

لـەم توێژینەوەیـەدا جگـە لـە میتـۆدی مێژوویـی وەسـفی کـە خـۆی لـە خسـتنەڕووی زانیارییـە مێژووییـەکان سـەبارەت بـە کوردانـی دیمەشـق دەبینێتـەوە، هەندێـک جاریـش میتـۆدی شـیکاری و بەراوردکاریـمان بـەکار هێنـاوە بـۆ ئـەوەی نزیـک بینـەوە لـە ڕاسـتییە مێژووییـەکان.

لـە گرنگتریـن ئـەو گیروگرفـت و کۆسـپانە لەکاتـی نووسـینی توێژینەوەکـە هاتۆتـە پێشـمان هەندێـک سـەرچاوەی تایبـەت بەمێـژووی شـارەکەمان دەسـت نەکـەوت، هەروەهـا دیاریکـردن و دەستنیشـان کردنـی کەسـایەیتە کوردیـەکان لەچوارچێـوەی شـارەکە یەکێکـی تـر بـوو لـەو کۆسـپانە.

ئـەم توێژینەوەیـە کـە تایبەتـە بـە ڕۆڵـی کـورد لـە زانسـتە ئایینیەکانـی دیمەشـق لـە سـەردەمی مەمالیکـدا، بـۆ پێشـەکی و چـوار تـەوەر دابـەش کـراوە، جگـە ئەنجـام و پەراوێـز و لیسـتی سـەرچاوەکان. تـەوەری یەکـەم، تەرخـان کـراوە بـۆ ڕۆڵـی کـورد لـە زانسـتەکانی قورئـان، ئـەم تـەوەرە کراوەتـە دوو بـەش: یەکـەم، زانسـتی قورئانخوێندنـەوە. دووەم، زانسـتی لێکدانـەوەی قورئـان. تـەوەری دووەم، تایبەتـە بـە زانسـتی فەرمـوودە، تـەوەری سـێیەم، تیشـک خراوەتـە سـەر زانسـتی شـەرعزانی (الفقـە)، هەروەهـا ڕۆڵـی کـورد لـە زانسـتی تەسـەووف لـە تـەوەری چوارەمـدا.

لـە گرنگتریـن ئـەو سـەرچاوانەی لەکاتـی نووسـینی ئـەم توێژینـەوە سـوودمان لـێ وەرگرتـووە، پشـتمان پـێ بەسـتوون، بریتیـن لـە:

«أعیـان العصرواعـوان النـصر»و «الـوافي الوفیـات، مێژوونـووس «الصفـدی م:٧٦٤ک/١٣٦٣ز» لـە گرنگتریـن سـەرچاوەکانە، بـۆ فرەوانکردنـی زانیـاری دەربـارەی ژیاننامـەی زانایانـی کـورد و پلـە و پۆسـتەکانیان سـوودی لـێ وەرگیـراوە.

کتێبـی «الضـوء اللامـع لاهـل القـرن التاسـع»ی مێژوونووسـی بەناوبانـگ «السـخاوی م:٩٠٢ک/١٤٩٦ز» یەکێکـە لـەو کتێبـە گرنگانـەی کـە ژیاننامـەی و سـەربوردەی بـۆ زۆر لـە زانـا و کەسـایەتییە کـوردەکان کـردووە.

کتێبـی «تاریـخ الاسـلام ووفیـات المشـاهیر والاعـلام»ی «الذهبـی م:٧٤٨ک/١٣٤٧ز» لـە گرنگتریـن ئـەو سـەرچاوە مێژووییانەیـە کـە ڕووداوە مێژووییەکانـی بـە شـێوازی «حولـی» تۆمـار کـراوە، لـە درێـژەی ڕووداوە مێژووییـەکان ڕێژەیەکـی بەرچـاو کەسـایەتییە کوردەکانـی لـە دیمەشـق بـە وردی خسـتووەتە ڕوو.

کتێبـی «النجـوم الزاهـر فـی ملـو مـصر والقاهـرە»ی «ابـن تغـری بـردي م:٨٧٤هـ/١٤٦٩م» یەکێکـی دیکەیـە لـەو سـەرچاوانەی جـۆری زانیارییەکانـی تێـدا تۆمـار کـراوە لـە هەمـوو بوارەکانـی سیاسـی و مێـژووی و کارگێـری و ئابـووری تێروتەسـەلن.

پشکداریی کورد لە زانستە ئایینیەکان لە دیمەشق لە سەردەمی مەمالیکدا

کورد لە شارستانییەتی ئیسلامی لە نێو زانستەکان پتر بایەخی بە زانستە ئایینیەکان داوە، بەهۆی پێبەندبوونیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خۆشەویستییان بۆ پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێ بێت). دیارە هەمان دیاردە لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتیی مەمالیکدا هەستی پێ دەکرێت، ژمارەیەکی بەرچاوی لە زایانی کورد لە زانستە ئایینیەکاندا لە دیمەشق هەڵکەوتن، دەستەیەکیان بوونە پێشەنگی و زایانی ئەو شارە بە تایبەتی لە زانستەکانی قورئانخوێندنەوە و فەرموودە و شەرعزانی وسۆفیگەری، لەم توێژینەوەیە دەیخەینە ڕوو.

تەوەرەی یەکەم:زانستەکانی قورئان

١-زانستی قورئانخوێندنەوە (علم القراءات):

شاری دیمەشق، هاوشێوەی شاری حەلەب لە مەڵبەندە سەرەکییەکانی زانستی قورئانخوێندنەوە بوو لە دەسەڵاتداریەتیی مەمالیکدا، بۆیە قورئانخوێنانی کورد ڕوویان لەم شارە کرد چ بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانستە ئایینیەکان بەتایبەتی زانستی قورئانخوێندنەوە یان بۆ گەیاندنی ئەو زانستەی لایان بوو، لەنێو کوردانی بنەماڵەی زرزاری کۆمەڵێک زانا لە دیمەشق لە خزمەت ئەم زانستە بوون لەوانە: «شیخ مجدالدین أبو بكر الكردي الزرزاري الشافعي، عبدالله بن الحسين بن علي م:٦٧٧ک/١٢٧٨ز» لە پێڕەوانی شافعی بوو، ئیمام و مامۆستا بوو لە قوتابخانەی قەیمەرییە[1]، لە وانەگوتنەوە زۆر شارەزا بوو، هەروەها لێهاتوو بوو لە خوێندنەوەی قورئان، جگە لەوەی لەم زانستە زانایەکی چاکەکار بووە. بە کەسێکی بە ناوبانگ و ڕەوشتجوان وەسف کراوە لە دیمەشق، زانستی خوێندنەوەی قورئانی لەلای دەستەیەک قورئاخوێنی بەناوبانگ وەرگرت. (الذهبي، ١٩٩٣م، ٢٦٩/٥٠؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ٧٧/١٧؛ الكتبي، ١٩٨٨م، ١٨٣/٢؛ الاسنوي، ١٩٧١، ١/ ١٥٤؛ ابن رافع السلامی، ١٩٨١م، ج١/ ٢٠٦)

یەکێک لەو کەسایەتییە کوردانە بەناوی «امين الدين العدل أبو محمد بن القاسم بن أبي بكر بن غيمة الاربلي م:٦٨٠ک/١٢٦١ز) لە ساڵی (٥٩٤ک/١١٩٧ز» لە هەولێر لەدایک بوو، یەکێک بوو لە بازرگانە بەناوبانگەکان، بەردوام گەشتی کردووە بۆ وڵاتی میسر و وڵاتانی دیکە، یەکێک بوو لە زانا بەناوبانگە موسڵمانەکان، «صحیح مسلم»ی خوێندوە لە لایەن قورئاخوێن «المؤيد الطوسي م:٦١٠ک/١٢١٣ز» و کۆمەڵێک زانای تر لە شاری دیمەشق، بە قورئانخوێنی دیمەشق ناسرابوو، (اليونيني، ١٩٩٢م، ٤/ ١٢١؛ القضاعي، ١٩٨٠م، ١٨٦/٤، ٢٤٦/٥؛ الذهبي، ١٩٩٣م، ٣٦١/٥٠-٣٦٢؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ٢٢٢/٩؛، ٨٦/٢٤)

لە کوردانی ناوچەی خەلات «شمس الدين أبو عبدالله الخلاطي الدمشقي الشافعي الصوفي، محمد بن أحمد م:٧٠٦ک/١٣٠٦ز» بە «پێشەوا و قورئانخوێن» ناسرابوو، کەسێکی دیندار و خواپەرست بوو، هەروەها شارەزاییی تەواوی لە زانستی خوێندنەوەی قورئاندا هەبوو، لە کاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو، بەردەوام بوو لە خزمەتکردن بەم زانستە تا کاتی کۆچی دوایی (الصفدي، ١٩٩٨، ٤/ ٢٣٤؛ عبدالكريم المدرس، ١٩٨٣م/ ٤٧٧).

لە کوردانی بنەماڵەی هەکاری «أبراهيم بن داود أبي نصر الشيخ أبو أسحاق الهكاري الكردي المقرى الدمشقى الشافعي م:٧١٢ک/١٣١٢ز» لە ساڵی (٦٤٠ک/١٢٤٢ز) لەدایک بوو، لە حەلەب خوێندوویەتی، ماوەک لە حما نیشتەجی بووە و دواتر گەشتی کردووە بۆ دیمەشق لەم شارە درێژەی بە خوێندنی زانستی ئایینی داوە، بە تایبەت لە زانستی قورئان حەوت جۆرەکەی (القراءات السبع)[2] خوێندووە،

---

١. القيمريه:لەدیمەشق یەکێک بو لەقوتابخانە بەناوبانگەکان لەماوەی حوکمی (میر ناصرالدین حسین بن عزيز القيمرى:م٦٦٥ک/١٢٦٧ز) لەگەورەترین میرەکانی بنەماڵەی قەیمەری بوە، دایمەزراندوە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە چەند کاتژمێرێک میر خۆی کاری تێدا کردوە وەبرێکی زۆر پارەی تێدا خەرج کردوە زیاتر لە (٤٠)هەزار درهەم بو (النعيمي، دارس في تاريخ مدارس، ج١، ٣٣٦

٢. حەوت خونێدنەوە (القراءات السبع)خوێندنەوەکان لەلایەن (احمد بن موسي بن العباس بن مجاهد ت:٣٢٤ک/٩٣٥ز)لەنێو کۆمەلێک شێوازي جۆبەر جۆر بەر باوي خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، کە لەسەردەمی ئەو دا باو بووە. بۆ زانیاری زیاتر بروانە.ابن مجاهد، كتاب السبعه فى القراءات، تحقيق:شوقي ضيف، القاهرة، ١٩٧٢، ٤٥؛ احمد مختار عمروعبدالأله السالم مكرم، معجم القراءات القرانية، الكويت، ١٤٠٨ه، ج١، ٧٣، ٧٤؛ طة عبدالمقصور، الحضارة الاسلامية، دراسة في تاريخ العلوم الاسلامية، بيروت، ٢٠٠٤، مج١، ٥٦، ٦٧.

هەروەهـا زانسـتی خوێندونـەوەی قورئانـی پیـرۆز لەلایـەن «ابـو بکـر عمـر بـن مشـیغ تقـی الدیـن الجـزري» خوێندوویەتـی، هەروەهـا یەکێـک بـوو لـە مامۆسـتا بەناوبانگـەکان و وانـەی گوتووەتـەوە (ابـن حجـر السـعقلاني، ١٩٦٦م، ١/ ٢٦، ٢٧؛ ابـن الرافـع السـلامی، ١٩٨١م، ج٢/ ٢١٦؛ عبدالکریـم المـدارس، ١٩٨٣م/ ٢٦). (تقـي الديـن المقصـاني الجـزري م:٧١٣ک/١٣١٣ز). سـاڵی ٦٥٠ک/١٢٥٢ز زانسـتی قورئانـی پیـرۆزی خوێنـدووە، یەکێـک بـووە لـە گـەورە خوێنەرەکانـی سـەردەمی خـۆی، بـۆ ماوەیـەک بووەتـە قورئانخوێـن لـە «دار الحديـث الناصريـە»[٣] لـە دیمەشـق نیشـتەجێ بـووە، بووەتـە قورئانخوێـن و پێشـنوێژکاری لـە «دارالحديـث الاشرفيـە»[٤] لـە دیمەشـق، ئـەم زانایـە جگـە لـەوەی شـێوازی زانسـتەکانی قورئانـی خوێنـدووە، زۆر شـارەزا بـووە بـە تایبەتـی بـە حـەوت جۆرەکـە (القـراءات السـبع) ئاشـنا بـووە، ئەمـەش بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی خـۆی و لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێـک ئیـمام و پێشـەوا فێـری بـووە، ئـەم زانایـە بـۆ مـاوەی پەنجـا سـاڵی لـە ناوچەکانـی شـام و عێـراق درێـژەی بـە ئیمامەتـی داوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە گوتاربێـژە سـەرکەتووەکانی دیمەشـق بـوو، بـەردەوام بـوو لـە گرنگیـدان بـە زانسـتی قورئـان و زانسـتە ئایینەکانـی تـر، تاوەکـوو کۆچـی دوای کـردووە. (الذهبـي، ١٩٩٣م، ٥٠ /٢٢٩؛ الصفـدي، ١٩٩٨، ١/ ٧٢٨؛ ابـن رافـع الاسـلامي، ٢٠٠٠م/ ١٥٨ابـن حجـر العسـقلاني، ١٩٧٢م، ٩/٥-٤٥٤؛ النعیمـي، ١٩٩٠م، ٩٠/١)

یەکێـک لـە کـوردە بەناوبانگـەکان بەنـاوی «شـهاب الديـن أبـو العبـاس أحمـد بـن يحيـي بـن محمـد بـن بـدر الجـزري، الاصـل الدمشـقي ثـم الصالحـي، المقـرى الفقيـة الحنبـلي م:٧٢٨ک/١٣٢٨ز» زانسـتی قورئانـی پیـرۆزی خوێنـدووە لـە لای دەسـتەیەک زانـای سـەردەمی خـۆی و یاوەریـی «الشيخ شـمس الديـن أبـن مسـلم» کردووە و یەکێـک بـووە لـە زانـا ئایینییـەکان بـە تایبـەت لـە بـواری شـەرعدا شـارەزایی زۆریشـی هەبـووە و سـوودی زۆری لـێ وەرگرتـووە، سـوودێکی زۆری بـە خەڵکـی دیمەشـق گەیانـدووە بـە کەسـێکی زۆر بـاش وەسـف کـراوە، کەسـێکی دینـدار و خواپەرسـت بـووە. (ابـن حجـر العسـقلاني، ١٩٧٢م، ج١/ ٣٩٥، ٣٩٦؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٨/ ١٥١). «أبـو الفضـل الكـردي الرازنـاني الاصـل المهـراني الشـافعي، زيـن الديـن عبدالرحيم بـن الحسـين بـن عبدالرحمـن بـن ابـى بكـر ابراهيـم الزيـن م٨٠٦ک/١٤٠٣ز» لـە بنەڕەتـدا کـوردە خەڵکـی یەکێـک لەشـارۆچکەکانی هەولێـرە بەنـاوی «ڕازنـان»، بـەڵام لـە تەمەنێکـی بچـووک لەگـەڵ خێزاکـەی کۆچـی کـرد بـۆ وڵاتـی میـسر، بـە قورئانخوێنـی سـەردەمی خـۆی ناسرابـوو، یەکێـک بـوو لەقورئانخوێنـە بەناوبانگـەکان، هەروەهـا شـارەزایی زۆری لـە زانسـتی فەرمـوودە و شـەرعزانی هەبـووە، گەشـتی کـردووە بـۆ شـاری دیمەشـق لـەم شـارە لـەلای دەسـتەیەک زانـا خوێدوویەتی لەوانـە «ابـن حجرالعسـقلانی، انبـاء، ١٩٦٩م، ٢٧٥/٢؛ الادنـەوە، د ت، ٣٢٥/١؛ الانصـاری، ٢٠٠٠م، ج١، ١٤٣.»

یەکێکـی تـر لـە زانـا بەناوبانگـەکان «شـيخ ابـو الفتـح محمـد ابـى المقـرى محمـد ابـن الجـزري م:٨١٤ک/١٤١١ز»، لـە سـاڵی (٧٧٧ک/١٣٧٥ز) لـە دیمەشـق لەدایـک بـووە. لـە منداڵییـەوە باوکـی فێـری زانسـتی کـردووە، لـە حـەوت سـاڵی قورئانـی پیـرۆزی لەبـەر کـردووە، گرنگـی داوە بـە زانسـتی قرائـات کتێبـی «الشـاطبية» و «الرائيـة»ی خوێنـدووە، وانەگوتنـەوەی وەرگرتـووە لـە مامۆسـتاکانی لەوانـە (شـیخ الامـام برهـان الديـن الابنـاس[٥]. شـارەزای زۆر باشـی هەبـوو لـە خوێندنـەوەی قورئـان و لێکدانـەوەی قورئـان، زۆربـەی کتێبەکانـی باوکـی خوێنـدووە گرنگـی داوە بەزانسـتی قرائـات، مامۆسـتای زانسـتی قرائـات و لێکدانـەوەی قورئـان بـووە لـە قوتابخانـەی «صلاحیـە»[٦] و «الاتابکیـە»[٧] (ابـن الجـزري، ٢٠٠٦، ٢/

٣. دار حديـث الناصريە:دەکەوێتـە شـاری دیمەشـقلەخوار چیـای قاسـیون لەسـاڵی (٧٠٦ک/١٣٠٦ز)دامـەزراوە لایـەن پاشـای بنەماڵـەی ئەیووبـی (نـاصر صـلاح الديـن يوسـف ابـن الملـک العزيـز محمـد الظاهر).النعیمـی، دارس، ج١، ٨٥.

٤. دارالحديـث الأشرفيە:دەکەوێتـە شـاری دیمەشـق لـە نزیـک قوتابخانـەی القيمازيـە لەلایـەن (الملـک الاشرف فخرالديـن بـن موسـى بـن العـادل بـن الايوبى)لەسـاڵی (٦٢٧ک/١٢٢٩ز)بنیاتـنراوە تەرخـان کـراوە بـۆ فەرمووده.النعیمـی، الـدارس، ج١، ٦٥.

٥. الابناسـی:ناوی ابـو اسـحاق ابراهیـم کـوری موسـا کـوری ئەیـووب الابنـاس، لـە شـوێنکەوتوانی ڕێبـازی شـافیعیە، لـە سـاڵی (٨٠٣ک/١٤٠٠ز) کۆچـی دوای کـردووە. بروانـە السـخاوي، وجيـز والكـلام، ج١، ٣٤٥؛ السـيوطي، حسـن المحـاضرة، ج١، ٣٣٧.

٦. قوتابخنـەی صلاحیە:یەکێکەلەقوتابخانەکانـی ڕێبـای شـافعی، دەکەوێتـە شـاری دیمەشـق لەنزیـک بیمارسـتانی نـوری بنیاتـنراوە، لەلایـەن (نورالديـن محمـود زەنکی)لەسـاڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز)دەدرێتـە پـاڵ (الملـک صـلاح الدين)النعیمـی، الـدارس، ج١، ص ص٢٥٠، ٢٥٢.

٧. قوتابخانـەی الاتابکیە:دەکەوێتـە صالحیـەی دیمەشـق لەلایـەن (خاتـون بنـت مليـک عزالديـن مسـعود بـن قطـب الديـن مـودود بـن اتابکـە زنکـی بـن

٨). «الشيخ أبو بكر أحمد بن محمد بن محمد بن علي يوسف الجزري م:٨٣٥ك/١٤٣١ز» لە ساڵی (٧٨٠ك/١٣٧٨ز) لە شاری دیمەشق لەدایک بووە سەرەتا لای باوکی و زانایانی دیمەشق خوێندوویەتی، دواتر لە مزگەوت کتێبەکانی لەسەر قورئانی پیرۆز خوێندووە و نووسیوە لە گرنگترین بەرهەمەکانی «شرح المقدمة الجزرية في علم التجويد» کە باوکی نووسیویەتی و ناوی نا «الحواشي المفهمة في شرع المقدمة»، (اسماعيل باشا البغدادي، هدية العارفين، ج١، ١٢٣) و «شرح طيبة النشر في القراءات العشر» (ابن الجزري، ٢٠٠٦، ٢/ ٢٢٠، ٢٢١؛ ابن الغزي، ١٩٩٠، ٢/، ١١٦؛ طاش طبري زادة، ١٩٨٥م، مج٥١/٢؛ عمر رضا كحالة، ١٩٥٧م، ج٢، ١٤٨، ١٤٩؛ قادر، ٢٠٠٩م، ١٠٨)

لە زاناکانی جەزیرە بەناوی «شیخ شمس الدين محمد بن محمد بن علي بن الجزري م:٨٣٣ك/١٤٢٩ز» لەدایک بووی هەرێمی جەزیرەیە، یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی لە زانستی خوێندنەوەی قورئان لە میسر وشام دادەنرێت، لەلایەن دەستەیەک زانا خوێندوویەتی. لەگەڵ ئەوەشدا چەند پۆستی کارگێری وەرگرتووە لەدیمەشق وەکوو (شێخی خانقا، وتاربێژی، دادوەری ووانە وتنەوە)، هەروەها زانایەکی بەهرەمەند بوو لە زانستی قورئانخوێندنەوە لەگرنگترین کتێبەکانی نووسیوەیەتی ئەمانەن: «النشر فی القراءات العشر، تقريب النشر فی القراءات العشر، تحبير التيسير فی القراءات العشر، اصول القراءات، التمهيد فی علم التجويد، اعانه المهره فی الزياده علی العشره، غايه النهايه فی طبقات القراء ومنجد المقرئين ومرشد الطالبين.» (ابن حجر، ١٩٩٤م، ٤٦٨/٣؛ الغزي، ٢٠٠٠م، ٩٨، ٩٩؛ ابن طولون، ١٩٨٠، ٢/ ٥٠٥) هەروەها یەکێک بوو لە قورئانخوێنە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی (السيوطی، طبقات الحافظ، ١٩٧٢م/ ٥٤٤).

یەکێک لەو ئافرەتە کوردانەی ڕۆڵی هەبوو لە زانستی قورئانخوێندنەوەدا «ام الخير سلمي بنت المقری محمد بن الجزري م:٨٣٥ك/١٤٣١ز» بوو، یەکێک بوو لە «المقری» بەناوبانگەکان، لە ساڵی ٨١٣ک/١٤١٠ز دەستی کردووە بە ئەزبەرکردنی قورئانی پیرۆز و «مقدمه التجويد» کە ماوەی دە ساڵ هەموو قورئانی پیرۆز ئەزبەر کرد. گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز. تەنانەت لە ساڵی ٨٣٢ک/١٤٢٨ز خوێنەوەیەکی دروستی کردووە لە زانستی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا. (ابن الجزري، ٢٠٠٦م، ١ /٢٨١، ٢٨٢؛ عمر رضا كحالة، ١٩٤٠، مج٢/ ٢٥٤؛ محمد مطبع الحافظ، ١٩٩٥م، ٤٢، ٤٣).

٢-زانستی ڕاڤە و لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز (علم التفسير):

دەستەیەک لە زانا کوردەکانی سەر بە هۆز و بنەماڵە و شارە کوردییەکانی نیشتەجێی دیمەشق لەم زانستە ناوبانگیان دەرکرد، لە پێشەوەی هەموویان لە سەرچاوەکانی بەردەست ناویان تۆمار کراوە، بەناوبانگترین زاناکانی هەولێر «جمال الدين يوسف الاربلي م:٦٦٢ك/١٢٦٤ز» یەکێکە لە فەرموودەناسەکان کە لە «دار الحديث الاشرفيه» لە دیمەشق وانەی گوتووەتەوە، وەسف کراوە کە کەسێکی زۆر باش و چالاک بووە (ابو شامة، ١٩٥٦، ٢٣٢؛ الذهبي، ١٩٧٠م، ٤/ ١٤٤٣؛ الصفدي، ٢٠٠٠م، ١٦٧/٢٩)

نابێت ڕۆڵی زاناکانی شاری ئەسعرد[8] لەبیر بکەین لەو بوارە، لەوانە: محمد بن أحمد بن عبدالمؤمن ابو عبدالله شمس الدين أبن اللبان الاسعردى المصري ثم الدمشقي م:٧٤٩ك/١٣٤٨ز بەناوبانگ بوو بە «مصري-الدمشقي» لە ساڵی ٦٨٥ک/١٢٨٥ز لەدایک بووە، لە پێرەومەزهەبی ڕێبازی شافعی بووە، لای کۆمەڵێک زانای گەورەی دیمەشق خویندوویەتی، پاشان ڕووی کردووەتە وڵاتی میسر بۆ مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لەوێ لە لایەن کۆمەڵێک زانا خوێندویەتی جگە لەوەی شارەزاییی زۆری لە زانستی لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز هەبووە. لە هەمان کاتیشدا یەکێک بووە لە فەرموودەناس و شەرعناسەکانی میسر، یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی

أق سنقر (م:٦٤٠ك/١٢٠ز)بنیاد نراوە، تەرخان کراوە بۆ گووتنەوەی وانەی شافعیالنعیمی، الدارس، ج١، ص ص٩٦، ٩٧.

٨. ئەسعردی:دەکەوێتە نزیک باکووری ڕۆژهەلاتی ڕووباری دیجلە، ماوەی ڕۆژەک ونیو لە میافارقینەوە دوورە، ماوەی چوار ڕۆژ لەئامەدەوە دوورە، پێنج ڕۆژیش لەموسلەوە دوورە، یەکێکە لەشارە بەپیتەکان (ابو الفداء، تقويم البلدان، ٢٧٧، ٢٨٩؛ الاصطخری، المسالک والممالیک، ٥٣

بەناوی «متشابە القران والحدیث» (الصفدي، ١٩٩٨، ٤/ ٢٩٩، ٣٠٠؛ ابن رافع السلامی، ١٤٠٢هـ ٢/ ١٠٤؛ المقریزي، ١٩٩٧ م، ٩٨/٤؛ ابن حجر العسقلاني، ١٩٧٢م، ٦٠/٥؛ ابن فهدالمکي، ١٩٩٨م، ١ /٨٢). نابێت زانای بەناوبانگی کورد لەبیر بکەین بەناوی «القاضي محمد بن عبدالرحیم بن صدقة الکردي م:٨٣٧ک/١٤٣٣ز»، شارەزاییەکی تەواوی هەبووە لەم زانستە، یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی بەناوی «الفیض القدسي في تفسیر ایة الکرسي»[9] (الادنةوة، ١٩٩٧/ ٣٢٣، ٣٢٤؛ السیوطي، ١٩٧٢، ١ /٣٢٤).

تەوەرەی دووەم-زانستی فەرمووده (علم الحدیث):

ئەم زانستە بەیەکێک لە زانستە هەرە گرنگەکان ئەژمار دەکرێت، لەدوای قورئانی پیرۆز، بە دووەم سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامی هەژمار دەکرێت و گرنگیی تایبەتی بۆ موسڵمانان هەیە، بۆیە زانایان لێیان کۆڵیوەتەوە، کوردیش لە خزمەتکردنی ئەم زانستە بێبەش نەبووە. ئەم زانستە لە شاری دیمەشق گرنگیەکی تایبەتی هەیە، زۆربەی زاناکان و کوردیش ڕوویان لەو شارە کردبوو، ئەمەش بەهۆی ناوبانگی دیمەشق و پێگە ئایینیەکەی ئەم شارە.

زانای ناوداری بنەماڵەی زرزرای «العدل جنید بن عیسا أبو القاسم الزرزاري ألاربلي الشافعي م: ٦٦٥ک/١٢٦٦ز» لە هەولێر لەدایک بووە، یەکێک بووە لە شێخە بەناوبانگەکان دواتر بۆ دەستخستنی زانست سەردانی قاهیرە ودیمەشقی کرد، گوێ بیستی فەرموودەکانی «صحیح مسلم» بوو، فەرموودەی گێڕاوەتوە لە دیمەشق، لە خزمەت دەستەیەک لە فەرموودەناس بوو لەوانە «ابن طبرزد و حنبل» و چەندانی تر، هەروەها وانەی فەرموودەی گوتووەتەوە. (الیونیني، ١٩٩٢م، ٢/ ٣٦٥؛ ابن العماد، ١٩٨٦م، ٦٤١/٧).

زانای ناوچەی خەڵات بەناوی «علی بن داؤد أبو الحسن الخلاطي م:٦٦٧ک/١٢٦٩ز» یەکێک بووە لە فەموودەناسە گەورەکان لە سەرەتای سەدەی «حەوتەمی کۆچی/ سیانزەی زایینی» بۆ خوێندنی زانستی فەرموودە چووەتە دیمەشق و قاهیرە (الذهبي، ١٩٨٦م/ ٢٤٣). هەروەها «الملک الظاهر شاذي بن داود ایوب م:٦٨١ک/١٢٨٢ز» یەکێک بوو لە نەوەکانی بنەماڵەی ئەیووبی، بەمەبەستی دەستخستنی زانستە ئایینەکان ڕووی لە شاری دیمەشق کردووە، یەکێک بوو لە شێخە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، بەهۆی ئەوەی لە زانستی فەرموودە بەهرەمەند بوو، (الصفدي، ٢٠٠٠، ١٦/ ٧٢). (الزاهید مجدالدین محمد بن خالد الهذباني م:٦٨٧ک/١٢٨٨ز) لە زانا گەورەکانی وڵاتی شام، بۆ مەبەستی خوێندن رووی لە چەندان ناوچە کردووە وەکوو بەغدا و میسر وەدەوووربەی مەککە، دواتر گەرایەوە شاری دیمەشق لەوێ ماوەتەوە، ماوەیەک لە شاری حەلەب نیشتەجێ بووە، (الصفدي، ٢٠٠٠م، ٣١/٣، ٤٣١/٥؛ المقریزي، ١٩٩٧، ٢/ ٢٠٩، ١٩٤/٤). «أبو الغنائم بن المعاسن بن أحمد بن نصر بن مکارم بن منصورالمعیار الدمشقي الگوراني م:٦٩٥ک/١٢٩٥ز» لە بنەماڵەی گۆران بووە لە ساڵی (٦١٤ک/١٢١٧ز) لە شاری حەران لەدایک بوو. گوێی لە فەرموودەکانی «صحیح البخاری» بووە، پاشان گەشتی کردووە بۆ دیمەشق، فەرموودەی گێڕاەتەوە. (الفاسي، ١٩٩٠م، ٣٥٥/٢)،

لە کوردانی ناوچەی میافارقین «زین الدین الفارقي م:٧٠٣ک/١٣٠٣ز» یەکێک بوو لەو کوردانەی گرنگیی زۆری بە فێربوونی زانستە جیاوازەکان داوە، زانستی فەرموودەش دەستپێکی فێربوونەکەی بوو، بۆ ئەم مەبەستەش گوێی لە بەشێکی زۆری زانایانی وڵاتی شام گرتووە، بەڵام بۆ درێژەدان بە فێربوونی ئەم زانستە ڕووی کردووەتە وڵاتی میسر، لەوێش لای دەستەیەک زانا خوێندوویەتی بەتایبەتیش «الشیخ عزالدین عبدالسلام م:٦٦٠ک/١٢٦٢ز»، دوای شارەزابوونی لەم زانستە بووەتە یەکێک لەو کەسانەی فەرموودەی گێڕاوەتەوە، هەروەها لە «دار الحدیث الاشرفیە» خەریکی گوتنەوەی وانەی فەرموودە بوو، سەرەڕای ئەوەش گوتاربێژی «الجامع الاموی» بوو لە دیمەشق. (الصفدی، ١٩٩٨م، ٧٣٣/٢، ٧٣٤؛ ٢٠٠٠م، ٨٤/٨؛ السبکي، ١٩٧٤، ١٠/ ٤٤؛ العیني، د.ت، ج٤/ ١٩٥). یەکێکی تر لە فەرموودەناسە کوردەکان «أحمد بن محمد بن أبی القاسم بن بدران،

---

٩. ئەم تەنها بەشێوەی دەستنووس هەیە، تحقیق نەکراوە.

شـهاب الدیـن أبـو بکـر الکـردي الدشـتي[١٠] م:٧١٣ک/١٣١٣ز» کوردانـی ناوچـە کـوردەکان، لـە پێڕەوانـی مەزهەبـی حەنبەلـی بـووە خـۆی لـە شـاری حەلـەب لەدایـک بـووە، بـە مەبەسـتی فێربـوون ڕووی لـە دیمەشـق کـردووە، لەوێـش لـە خزمـەت کۆمەڵێـک زانـای بەناوبانگـی بـووە لەوانـە «أبـن الصـلاح الشـهرزروي:م٦٤٢ک/١٢٤٥ز»، هەروەهـا خەریکـی وانەگوتنـەوە بـووە، کۆمەڵێـک قوتابـی لەسـەر دەسـتی ئـەو پـێ گەیشـتوون لەوانـە: «علـم الدیـن الـبرزالي»[١١] ناوبـراو لـە «دار الحدیـث الاشرفیـە»[١٢] وانـەی فەرمـوودە گوتووەتـەوە، هـەر لەشـاری دیمەشـق کۆچـی دوای کـردووە. (الذهبـي، ١٩٩٣م، ١٥٣/٤٧؛ الصفـدي، ٢٠٠٠، ٨/ ٥٤؛ ابي بکـر، توضیـح، ١٩٩٣م، ١٢٤/١؛ ابـن حجـر، الدررالکامنـە، ١٩٧٢م، ٣٤٦/١؛ الفـاسي، ذیـل، ١٩٩٠م، ١ /٥٠٧١٢٤ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٥٩/٨-٤٨٣؛ عبدالکریـم المدارس، ١٩٨٣/ ٥١؛)

یەکێـک لـەو زانـا کوردانـە «أسـحاق بـن یحیـی بـن أبراهیـم أبـو محمـد الامـدي م:٧٢٥ک/١٣٢٥ز» بـە «عفیـف الدیـن اسـحاق الامـدی» بەناوبانـگ بـوو، لەسـاڵی (٦٣٢ک/١٢٤٤ز) لەشـاری ئامـەد (دیـار بکـر) لەدایـک بـووە، لـە پێڕەوانـی مەزهەبـی حەنەفـی بـوو. بـۆ دەستخسـتن و فێربوونـی زانسـتە ئایینیـەکان ڕووی لـە چەنـدان شـار کـرد وەکـوو قاهیـرە و دیمەشـق و لای دەسـتەیەک لـە زانـا بەناوبانگـەکان خوێندوویەتـی، پاشـان لـە دیمەشـق نیشـتەجێ دەبێـت لـە قوتابخانـەی مەشـێخەکان لـە «دار الحدیـث الظاهریـة»[١٣] وانـەی گوتووەتـەوە، ئـەم زانایـە، هەروەهـا ئـەم فەرموودەناسـە زۆرێـک لـە سـەنەدەکانی پشتڕاسـت کردووەتـەوە، زاناکانـی دوای خـۆی سـوودیان لـە بەرهەمەکانـی ئـەو وەرگرتـووە (الذهبـي، ١٩٩٣م، ١٤٨/٤٧، ٤٠٨، ٤٨، ١٠٦؛ ابـن فضـل اللـة، مسـالک، ٥/ ٣٣٠، ٣٣١؛ ٢٧ /٤٦؛ الصفـدي، ١٩٩٨م، ٤٨٦/١، ٤٨٧؛ ابـن کثـیر، ١٩٨٦، ج١٤/ ١٢٠ ؛ ابـن تغـري بـردي، دت، ١٤٣/١٢؛ الفـاسي، ١٩٩م، ٤٨٠/١، ٤٨١؛ النعیمـي، الـدراس، ١٩٩٠م، ١/ ٢٧٠).

یەکێکـی تـر لـە زانـا کـوردەکان «الشـیخ برهـان الدیـن الـوان، ابراهیـم بـن محمـد أبـن أحمـد بـن محمـد بـن أحمـد، الشـیخ البرهـان الدیـن أبـو اسـحاق الـواني م٦٤٣-٧٣٥ک/١٢٤٥-١٣٣٥ز»، لـە لای کۆمەڵێـک زانـای وڵاتـی شـام خوێندوویەتـی، لـە دوای شـارەزاییەکی تـەواوی لـەم زانسـتە، بووەتـە یەکێـک لـەو کەسـانەی فەرمـوودەی گێڕاوەتـەوە، هەروەهـا لـەم بـوارە وانـەی گوتووەتـەوە، مێژوونـووس «الصفـدی» یەکێـک بـوو لـە فێرخوازەکانـی ئـەو لـە سـاڵی ٧٣٠ک/١٣٣ز مۆڵەتـی لـێ وەرگرتـووە، ناوبـراو یەکێـک بـوو لـە بانگبێژەکانـی «جامـع بنـی أمیـە»، بەهـۆی لێهاتوویـی لـە کارەکـەی بووەتـە سـەرۆکی بانگبێژەکانـی دیمەشـق (الصفـدي، ١٩٩٨م، ١/ ٧٢، ٧٣؛ ابـن کثـیر، البدایـة، ١٤/ ١٢٦؛ ابـن حجـر، ١٩٧٢م، ٦١/١؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦ م، ١٩١/٨-١٩٤).

لـە کوردانـی بنەماڵـەی ئەیووبـی «الامیـر أسـدالدین عبدالقـادر بـن المغیـث الایوبـی م:٧٣٧ک/١٣٣٧ز» بـۆ مەبەسـتی خوێنـدن ڕووی لـە شـاری دیمەشـق و قاهیـرە کـرد، ئـەم زانایـە خەریکـی گوتنـەوەی وانـەی فەرمـوودە بـووە. هەروەهـا فەرمـوودەی گێڕاوەتـەوە مێژوونـووس «الصفـدی» یەکێـک بـوو لـە قوتابییەکانـی ئـەم زانایـە. (الصفـدي، ١٩٩٨، ١/ ١١٨، ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٦٤٥/١٠)

لـە کوردانـی ناوچـەی حـەران «زیـن الدیـن أبـو محمـد عبـادە بـن عبدالغنـی بـن منصـور بـن أبراهیـم الحـراني م٦٧١-٧٣٩ک/١٢٧٢-١٣٣٨ز» بـە «زیـن الدیـن الحرانـی» نـاسراوە، لـە پێڕەوانـی مەزهبـی حەنەفـی بـوو، بەمەبەسـتی خوێنـدن ڕووی کردووەتـە شـاری دیمەشـق لـە لای کۆمەڵێـک زانـا و نـاوداری

---

١٠. الدشـتی:ناوچەیەکە دەکەوێتـە نێـوان هەولێـر وتەبرێز.الزبیـدی، التـاج العـروس، الکویـت، ١٩٨٧، ج٤، ٥٢٠، ٥٢١.هەروەهـا شـوێنێکە لـە اصفهـان وەکـوو گونـد وایـە نـاوی هاتـووە، هەندێـک لەزانایـان خەڵکـی ئەوین.بروانە.یاقـوت الحمـوی، معجـم البلـدان، ج٢، ص٤٥٦.

١١. علـم الدیـن البرزالي:یەکێکـە لـە فەرموودەناسـەکان نـاوی تـەواوی (الشـیخ الامـام العـالم الحافـظ مفیـد الشـام، علـم الدیـن أبـو محمـد القاسـم بـن العـذل الکبـیر بهـاء الدیـن محمـد یـن یوسـف بـن الحافـظ زکـي الدیـن الـبرزالي، لەسـاڵی (٦٦٥ک/١٢٦٦ز)لەدایکبـووە، ناوبـراو لەسـاڵی (٧٣٩ک١٣٣٨ز) کۆچـی دوای کردوە.الوفیـات البرزالـی، وعلـق علیە:ابـو یحیـی عبداللـە الکنـدری، غـراس للنـشر والتوزیـع، (الکویـت، ٢٠٠٥م)، ص١٢.

١٢. دارالحدیـث الاشرفیة:دەکەوێتـە شـاری دیمەشـق لـە نزیـک قوتابخانـەی القیمازیـە لەلایەن(الملـک الاشرف م/فرالدیـن بـن موسـی بـن العـادل یـن الایوبی)لەسـاڵی (٦٢٧ک/١٢٢٩ز)بنیاتـنراوە تەرخـان کـراوە بـۆ فەرمووده.النعیمـی، الـدارس، ج٦، ١٥.

١٣. دار الحدیـث الظاهریـة: دەکەوێتـە دەرەوەی (بـاب النـصر) لـە شـاری دیمەشـق کـە لەلایـەن (الملـک ظاعـر غـازي صـلاح الدیـن الایـوبي:م ٦١٣ک/١٢٦١ز) بنیاتـنراوە کـە تەرخـان کـراوە بـر مەزهەبـی شـافعی وحەنەفی.النعیمـی، الـدراس، ج١، ٥٧.

ئـەو خوێندوویەتـی بەتایبەتیـش «صحیـح مسـلم» هەمـوو فەرموودەکانـی گـوێ لـێ بـووە فێـری بـووە و گێڕاویەتـەوە (الصفـدي، ١٩٩٨، ٢/ ٦٤١؛ ٢٠٠٠، ١٦/ ٣٥٥؛ القصيمـي، ٢٠٠١م، ١٠٤٨/٢؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٨/؛ ٢٠٧)، هەروەهـا بـە پێشـەوا و موفتـی مەزهەبـی حەنەفـی دانـراوە. لـە لایەکـی تریشـەوە بانگبێـژی شـاری دیمەشـق بـووە. (الذهبـي، ١٩٨٨م، ١٨١/١؛ الصفـدي، ١٩٩٨، ج٦٤١/٢؛ ابـن كثـير، ١٩٨٦م، ٤٩/١٤؛ ابـن تغـري بـردي، المنهـل، ٧/ ٤٩). «صالـح بـن عبداللـه الشريـف الديـن أبـو محمـد الصـصروي القيمـري م:٧٤٨ك/١٣٤٧ز» لـە سـاڵی ٧١٦ك/١٣١٦ز لـە دیمەشـق لەدایـک بـوو، زۆر حـەزی لـە زانسـتی فەرمـوودە بـووە یەکێـک بـوو لەوانـەی لـە «دار الشـيوخ» خوێندوویەتـی. پاشـان ڕووی لـە میـسر و دیمەشـق و ئەسـکەندەرییە کـردووە. بـە خزمـەت دەسـتەیەک زانـای فەرموودەنـاس گەیشـت (الصفـدى، ٢٠٠٠م، ١٦/ ١٥٣؛ ابـن حجـر، ١٩٧٢م، /٣٥٨).

یەکێکـی تـر لـەو لـە زانایانـە بەنـاوی «أحمـد بـن محمـد بـن أبي الزاهـير بـن سـالم بـن أبي الزاهـير بـن عطيـة الهـكاري ثـم الصالحـي -٧٦٠ك/١٣٥٩ز» لـە سـاڵی ٦٨٠ك/١٢٨١ز لـە شـاری دیمەشـق لەدایـک بـووە. لـە لای کۆمەڵێـک زانـا خوێندوویەتـی، یەکێـک بـوو لـە فەرموودەناسـە بەناوبانگـەکان، لـەلای دەسـتەیەک لـە زانایانـی فەرمـوودە زانسـتی وەرگـرت لەوانـە «الذهبـي، ابـن العراقـي» (ابـن حجـر العسـقلاني، ١٩٧٢م، ٣١١/١؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٣٢٤/٨). هەروەهـا «شـيخ أحمـد بـن الـشرف القيمـرى الكـردي الخليـلي الغـزي م:٧٦٥-القـرن١٣٥٥/٩-١٥ز»، لـە شـام لەدایـک بـوو و لـە دیمەشـق لەلایـەن کۆمەڵـێ زانـای ئـەو شـارە خوێندوویەتـی، لـە خزمـەت کۆمەڵێـک زانـای فەرموودەنـاس بـۆ و فەرموودەکانـی گێڕاوەتـەوە. (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٢/ ٦٢). «المسـند أبـو الحسـن علـى بـن عمـر بـن عبدالرحيـم بـن بـدر الجـزري م:٧٨٩ك/١٣٨٧ز» لـە سـاڵی ٧٠٠ك/١٣٠٠ز لـە هەرێمـی جەزیـرە لەدایـک بـووە، پاشـان بـۆ مەبەسـتی خوێندنـی فەرمـوودە چووەتـە شـاری دیمەشـق، لـەوێ گوێـی لـە کۆمەڵێـک زانـای گرتـووە، لەوانـەش گوێگـری فەرموودەکانـی (صحصـح البخـارى) (الفـاسي، ١٩٩٠م، ٢/ ٢٠٦، ٢٠٧؛ ابـن القـاضي شـهبة، ١٩٧٧، ٣/ ٢٣١).هەروەهـا (الامیـر محمـد بـن الكامـل محمـد بـن الملـک السـعيد عبدالملـک بـن صالـح اسـماعيل بـن الملـک العـادل بـن ايـوب صـلاح الديـن الدمشـقي م:٧٨٩ك/١٣٨٧ز)یەکێـک بـوو لەمیرەکانـی دیمەشـق ولەلایـەن زانایانـی زانسـتی فەرمـوودە و لەدیمەشـق خوێندوویەنـی (ابـن حجـر، ١٩٧٢م، ١/ ٣٣٤٦؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٢٠٤/٩)

لـە کوردانـی ناوچـەی ئەسـعرد (حسـن بـن علـى بـن عمـر ألاسـعردي م:٨٠٩ك/١٤٠٦ز)بنەماڵەیەکـی نـاسراو لـە دیمەشـق هاتۆتـە دونیـاوە، ئـارەزووی لـە خوێندنـی فەرمـوودە بـووە، لـە خزمـەت دەسـتەیەک زانـا بـوو، هەروەهـا گـوێ لـە فەرموودەکانـی اصحـاب (التقـى سـليمان) (ابـن حجـر، ١٩٨٦، ٦/ ٢٧؛ السـخاوي، ٢٠٠٣، ٣/ ١١٢؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ١٢٤/٩). (عبدالرحمـن بـن أبراهيـم بـن العفيـف أسـحاق الامـدي الدمشـقي م:٨١٥ك/١٤١٢ز) لـە پێڕەوانـی مەزهەبـی حەنەفـی بـوو، شـارەزایی باشـی لـە شـەرع و زانسـتی فەرمـوودە هەبـووە، ئـەم زانایـە هـەر بـە بنەماڵـەوە لـە خزمـەت ئـەم زانسـتە بوونـە، چەنـدان فەرمـوودە ناسـیان تێـدا هەڵکەوتتـوە، بۆیـە السـخاوى بنەماڵەکەیـان بـە (بيـت الحديـث) نـاو دەبـات، (عبدالرحـمان الامـدي) چەنـدان قوتابـی هەبـووە، فەرمـوودەی گێڕاوەتـەوە (الذهبـي، ١٩٩٣م، ١٤٨/٤٧، ٤٠٨؛ السـخاوي، ٢٠٠٣م، ٤٠/٤؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٤٤٠/٨)

لـە زاناکانـی بنەماڵـەی هـەکاری «أحمـد بـن أبـى بكـر بـن أحمـد الشـهاب أبـو العبـاس الهـكاري م:٨١٨ك/١٤١٥ز» خەڵکـی هـەکاری بـووە، پاشـان بـۆ مەبەسـتی خوێندنـی زانسـتە شـەرعیەکان رووی لـە چەنـدان شـار کـردووە لەوانـە قاهیـرە، دیمەشـق، حەلـەب ومەکـە وانـەی فەرمـوودەی گوتۆتـەوە (السـخاوي، ٢٠٠٣م، ج١، ٢٠٨)، کتێبەکانـی (جامـع الترمـذي) و (صحيـح المسـلم) و (صحيـح البخـاري)و (سـن ابي داود) ئەزبـەر کـردوە شـارەزایەکی زۆری لـەم زانسـتە هەبووە (الفـاسي، ١٩٩٠م، ٣/ ١٩) یەکێکـی تـر لـە زانـا بەناوبانگەکانـی کـورد لـەم زانسـتە ڕۆڵـی هەبـوو (زيـن الديـن عبدالرحـمان بـن يوسـف الكـردي م:٨١٩ك/١٤١٦ز) نیشـتەجێی دیمەشـق، لـە زانـا دیارەکانـی فەرمـوودە وشـەرعزانی لەدیمەشـق، بۆمـاوەی چـل سـاڵ وانـەی فەرمـوودەی وتۆتـەوە، لای خەڵـک کەسـێکی خۆشەویسـت بـوو (الغـزي العامـري، ٢٠٠٠م، ١٩٦؛ ؛ ابـن فهـد المكـي، ١٩٢٨م،

٢٦٧؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م،، ٩/ ٢٠١). (عبداللـه بـن أبراهيـم بـن خليـل بـن عبداللـه بـن محمـود السـنجاری) ئـەم زانایـە لـە شاری بەعلەبـەگ دەسـتی کـرد بـە خوێندنـی فەرمـوودە، کتێبـی بەناوبانگـی (صحیـح مسـلم) لەبەرکـردووە (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٥/ ٥؛ الفـاسي، ١٩٩٠، ٢ /٢٨).دواتـر بـە مەبەسـتی خوێنـدن دەچێتـە دیمەشـق وقاهیـرە لـەلای کۆمەڵێـک فەرمووەدەنـاس کتێبەکانـی ئـەو زانسـتەی وەکـو (جامـع الترمـذی وسـنن ابـی داود وابـن حجـر البلقینی)خوێنـد، شـارەزایی زۆرباشـی لـەم زانسـتە هەبـووە، هەروەهـا زۆربـەی کاتەکانـی خـۆی بـۆ خوێنـدن و لەبەرکردنـی فەرمـوودە تەرخـان کـردووە (السـخاوي، ٢٠٠٣م، ٥/ ٦). پاشـان دەبێتـە مامۆسـتای فەرمـوودە لـە قوتابخانـەی (دار الحدیـث الشرفیـە). لـە سـاڵی (٨٢٠ک/١٤١٧ز) کۆچـی دوای کـردووە (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٥/ ٥، ٦).

یەکێـک لـە زانـا ناودارەکانـی کـورد بەنـاوی (محمـد بـن حسـن بـن أحمـد بـن محمـد بـن الشـمس أبـو عبدالکریـم ثـم الدمشـقي م:٨٤٣ک/١٤٣٩ز)، کـە خەڵکـی کوردسـتان بـوو بـە (ابـن الکردیـە) ناوبانگـی دەرکردبـوو (السـبکي، ٢٠٠٤، ٢٢٣؛ السخاوي، ٢٠٠٣م، ٧/ ١٩٣)، بەمنداڵی لەگـەڵ باوکی بۆخوێندنـی زانسـتە ئایینیـەکان رووی کـردە (بیـت المقـدس) ونزیکـەی بیسـت سـاڵ لـەم ناوچەیـە مـاوە، سـەرقاڵی خوێنـدن بـووە دوای مردنـی باوکـی چەنـد شـاری گـەراوە لەوانـە دیمەشـق ومەککـە ومەدینـە (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٧/ ١٩٣). ناوبـراو لـە ساڵی (٨١٥ک/١٤١٢ز) چووەتـە دیمەشـق زانسـتی فەرمـوودەی خوێنـد، مۆڵەتـی وانـە بێـژی وەرگرتـووە (السـخاوي، ٢٠٠٣م، ٧/ ١٩٣).هـەر بـەردەوام دەبـێ لەخوێندنـی زانسـتی فەرمـوودە، خزمەتێکـی زۆر بـە زانسـتە دەکات دەسـتەیەک لـە قوتابییەکانـی ئـەو دەبنـە زانـای بەناوبانـگ (ابـن فهـد، ١٩٨٨م، ٤/ ٥٨؛ السـخاوي،، ٢٠٠٣م، ٧/ ١٩٣). (محمـد بـن أبـی بکـر بـن عبداللـە بـن جـلال الدیـن، شـمس الدیـن الاسـعردي م:٨٦٦ک/١٣٧٠ز) لـە بنەرەتـدا خەڵکـی شـاری ئەسـعردە لەگـەڵ خێزانەکـەی کۆچـی کـردووە بـۆ شـاری دیمەشـق هـەر لـەوێ گیرسـانەوە، لـەو شـارە دەسـت دەکات بـە خوێندنـی زانسـتی فەرمـوودە لـەلای زانـای گـەورە (ابـی الهلـول الجـزری م:٧٨٩ک/١٣٨٧ز)وزانیـاری تـەواوی لـەم زانسـتە پەیـدا کردووە.دەبێتـە مامۆسـتای وانـەی فەرمـوودە لـە قوتابخانـەی (القلانسـیە)[14]. کۆمەڵێـک زانـای فەرمووەدەناسـی پـێ گەیانـد لەوانـە (السـخاوی) (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٧/ ١٥٣، ١٧٤؛ ابـن الحمـصي، ٢٠٠١م، ١/ ٩٣).هەروەهـا (محمـد بـن محمـد بـن محمـد بـن عیسـی بـن خـضر بـن شـمس الأربـلي م:٨٨٥ک/١٤٨٠ز) لەتەمەنێکـی بچـووک لەدیمەشـق ژیـاوە هـەر لـەم شـارە دەسـتی کـردووە بـە خوێندنـی زانسـتی فەرمـوودە دواتـر رووی کردووەتـە شـاری مەککـە بـەردەوام دەبـێ لـە درێـژەدان لەسـەر زانسـتی فەرموودەکتێبەکانـی وەکـو (بخـاری وترمـذي وابـن ماجـة وداود)خوێنـدووە، بەهـۆی لێهاتـووی وشـارەزایی کـە هەیبـووە لەشـاری دیمەشـق وانـەی فەرمـوودەی بـە فێرخـوازان گوتۆتـەوە، (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٩/ ٢٣٤).

ناکرێـت کوردانـی ناوچـەی حەسـەن کێـف لەبیـر بکرێـت (علـی بـن محمـد بـن علـی بـن منصـور العـلاء أبـو الفضـل بـن ابي اللطیـف الحصکفـی م:٩٣٤ک/١٥٢٧ز)، کـە لەبنەرەتـدا خەڵکـی حصـن کێفـا بـووە (السـخاوي، ٢٠٠٣، ٥/ ١٥٦). بنەماڵەکـەی کۆچیـان کـردووە بـۆ دیمەشـق ئـەم زانایـە هـەر لەمنداڵیـەوە زانسـتی فەرمـوودەی خوێنـدووە تـا سـاڵی (٨٦٧ک/١٤٦٢ز). جگـە لـە قورئانـی پیـرۆز چەنـدان کتێبـی هەبـوو، کتێبەکانـی زانسـتی فەرمـوودە وەک کتێبـی (صحیـح بخـاری)و (صحیـح مسـلم) لەبەرکـردووە، دواتـر بـر درێـژەدان بەخوێنـدن لـە سـاڵی (٨٧٣ک/١٤٦٨ز) روو لـە قاهیـرە دەکات، پاشـان لـە سـاڵی (٨٧٥ک/١٤٧٠ز) گەراوەتـەوە دیمەشـق، بەتەمەنێکـی کـەم وەکـوو زانایەکـی نـاودار دەرکەوتـووە لـە بوارەکانـی شـەرع وفەرمـوودە مۆڵەتـی وانەبێـژی وفتـوای پێـدراوە بووەتـە مامۆسـتای فەرمـوودە لـە چەنـدان قوتابخاەنـەی وەکـوذ (البادرائیـە)[15]، وقوتابخانـەی (الرکنیـە)[16]

١٤. القلانسـیە دەکەوێتـە رۆژئـاوای قوتابخانەی(ابـی عمـر) لـە صالحیـە دیمەشـق کـە ئـەم قوتابخانەیـە لەلایەن(ابـن القلانسـی)بنیاتنراوە.بۆزانیاری زیاتـر بروانە.النعیمـی، الـدارس في تاریـخ المـدارس، ج١، ٧١، ٧٢.

١٥. البادرائیە:یەکێکـە لـە قوتابخانەکانـی شـاری دیمەشـق لـە لایـەن (نجـم الدیـن محمـد بـن عبداللـە بـن ابـی الوفـا ومحمـد بـم عیـمان البادرائـی البغـدادی لـە سـاڵی(٦٥٣ک/١٢٥٥ز) لـە نـاو ئـەم قوتابخانەیـە کتیبخانـەی گـەورە هەبووە.النعیمی،الـدارس،ج١، ١٥٥.

١٦. الرکنیە:دەکەویتـە کۆلانـی بـن مفلـع لـە دیمەشـق لـە لایـەن ئەمیر(رکـن الدیـن منکورس:م٦٣١ک/١٢٣٣ز)بنیاتـنراوە تەرخـان کاروە بـۆ ریبـازی شـافعی ژمارەیـەک زانـا لـەم قوتابخانەیـە گوتۆتـەوە وەکو(ابـن خلکان:م٦٨١ک/١٢٨٢ز).النعیمی،الـدارس،ج١، ١٩٠.

لەدیمەشــق وانــەی گوتۆتــەوە (الســخاوي، ٢٠٠٣، /٥/ ٢٩١). هەروەهـا رێـزی لـە هەمـوو کـەس نـاوە (الغـزي، ١٩٤٩م، ٢/ ١٩١، ١٩٤؛ ابــن العــماد، ١٩٨٦م، ١٠/ ٢٨٣، ٢٨٤).

لەنێـو زانـا وناودارانـی کـورد لـە بـوارە جیاوازەکانی زانسـت بـە تایبەتـی لەسـەردەمی دەسـەڵاتداریەتی مەمالیـک لـە شـاری دیمەشـق چەنـدان ئافـرەت دەرکەوتـن بـە زانستەکەیان خزمەتـی بەرچاویـان پێشـکەش بـە شارسـتانیەتی ئیسـلامی کرد.لەوانـەش (زینـب بنـت سـلیمان بـن أبراهیـم بـن رحمـە الاسـعردي م:٧٠٥ک/١٣٠٥ز) کـە نـاسراوە بـە «زینـب الاسعردي»، ئـەم ئافرەتـە لـە لایـەن کۆمەڵێـک زانـای سـەردەمی خـۆی خوێندوویەتـی، لەوانـە کتێبـی صحیـح البخـاري هەروەهـا مۆڵەتـی لـە زانسـتی فەرمـوودە وەرگرتـوە (الذهبـي، ١٩٩٣م، ٢٧٧/٣٥الصفـدي، ١٩٩٨م، ٢/ ٣٨٩؛ ٢٠٠٠م، ٤/ ١٦١، ٤٢/١٥؛ الفـاسي، ١٩٩٠م، ٣١١/١، ٣٦٩/٢؛ ابـن حجـر، ١٩٧٢م، ١٤٩/١، ٢٥٠ ؛ الحضرمـي، ٢٠٠٨م، ٣٣/٦؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٢٣/٨) بەهـۆی شـارەزایی و بەهرەمەنـدی لـە زانسـتی فەرمـوودە یەکێـک بوو لە فەرمووده‌ناسـە دیـارەکان، زۆرێـک لـە سـەنەدەکانی پشتڕاسـت کردووەتــەوە و دووبــارە دەســتی کــردووە بــە دوســتکردنیان لـە شـاری دیمەشـق بۆیـە «الصفـدی» بـە «المسـنده المعمـره، الدمشـقیە» نـاوی بـردووە، تەنانـەت «الحافـظ الذهبـی» یەکێـک بــوو لــەو کەسـانەی گوێــی لــێ گرتــووە و مۆڵەتیشــی لێــی وەرگرتــووە. (الذهبــي، د.ت، ٦٣٢/٢؛ الصفــدی، ١٩٩٨م، ٣٨٩/٢، ٣٩٠، ٤٦١/٣؛ ٢٠٠٠م، ٤٢/١٥؛ الفاســي، ١٩٩٠م، ١٦٨/٢)

یەکێـک لـە ئافرەتـە کوردەکانـی ئـەم شـارە بەنـاوی «عایشـە الحرانیـە م:٧٣٦ک/١٣٣٦ز» بـە «ام محمـد» ناسرابـوو، لـە سـاڵی ٦٤٧ک/١٢٤٩ز لــە حــەران لەدایــک بــووە (الصفــدي، ١٩٩٨م، ج٢، ٦٣٩؛ ٢٠٠٠م، ١١/ ٢٣٧؛ ابــن حجــر، ١٩٦٦م، ٣/ ٥). لــە لای دەسـتەیەک زانــای ســەردەمی خــۆی خوێندویەتــی لەگــەڵ چەنـدان زانـای هاوسـەردەمی خـۆی یەکتریـان بینـوە ویەکێـک بـوو لـە فەرمووده‌ناسـە گـەورەکان ی (الصفـدي، اعیـان، ٢/ ٦٣٩؛ محمـد عـلي الصویرکـي، مـج٣، ١٢). هەروەهـا بووەتـە مامۆسـتا لــە زانســتە شــەرعییەکان لــە ســاڵی ٧١٩ک/١٣٢٩ز، الصفــدی لـە لایـەن ئـەم زانایـە لـە دیمەشـق خوێندوویەتـی (الصفـدي، ١٩٩٨م ٢/ ٦٣٩؛ ٢٠٠٠، ١٦/ ٣٤٧؛ عمـر رضـا کحالـة، ١٩٥٨، ٥/ ٥٧؛ د.ت، ٣/ ١٨٩).

یەکێـک بـووە لـە ئافرەتـە هەڵکەوتەکانـی کـورد، «شـمس الملـوک بنـت ناصرالدیـن بـن محمـد بـن العـادل ابراهیـم بـن ابـی بکـر بـن یعقـوب بـن العـادل بـن ایـوب م:٨٠٣ک/١٤٠٠ز» لـە لایـەن چەنـدان چەنـدان زانـای نـاودار خوێندوویەتـی، وەکــوو فەرمووده‌نــاس شــارەزایی ولێهاتوویەکــی باشــی لــەم زانسـتە هەبـووە، ناوبـراو هـەر لەدیمەشـق کۆچـی دوای کـردووە (الفـاسي، ١٩٩٠م، ٣٧٧/٢؛ ابـن حجـر، ١٩٦٩م، ٢/ ١٦٤؛ زهـیر حمـدان، ١٩٩٦، مـج٤/ ١٥١، ١٥٢)

یەکێکــی تــر لــەو ئافرەتانــە بەنــاوی «قطلومــک بنــت ناصرالدیــن محمــد بــن ابراهیــم بــن ابــی بکــر بــن یعقــوب بـن العـادل» دەکاتـە خوشـکی «شـمس الملـوک» یەکێـک بـوو لــەو ئافرەتانــەی لــە تەمەنــی منداڵیــدا دەســتی کــردووە بــە خوێندنــی زانســتی فەرمــوودە، شــارەزایی باشــی لــەم زانســتە هەبـووە، فەرمـوودەی گێڕاوەتـەوە، هەروەهـا چەنـدان زانـای نـاودار لـە لای ئـەم ئافرەتـە خوێندوویانـە لەوانـە (ابـن حجـر العســقلانی:م٨٥٢کە/١٤٤٨م). (الفــاسي، ١٩٩٠م، ٣٩٢/٢؛ ابــن حجــر، ١٩٩٣م، ٢/ ٤٣٧؛ الســخاوي، ٢٠٠٣م، ٧/ ١٠٩)

تەوەرەی سێیەم: زانستی شەرعناسی (علم الفقه):

دیمەشــق لەســەردەمی دەســەڵاتی مەمالیــک مەڵبەنــدی کۆبوونــەوەی زانایانــی شــەرعزانی بــوو، هۆکارەکــەی، بەهــۆی پێگــە ئیســلامیەکەی، هەروەهــا مەڵبەندێکــی ئــارام بــوو بــۆ زانایـان بۆیـەت لەسەرتاسـەری جیهانـی ئیسـلامی روویـان لـەم شـارە کـرد، لەشـق نێویشـاندا کـورد یەکێـک بـوو لـەو نەتەوانـەی کـە خزمەتـی زۆری بـەم زانسـتە کـردووە لـە کۆمەڵگـەی دیمـەچ لەوانـە «رکـن الدیـن محمـد أبـن مجـد الدیـن م:٧١٩ک/١٣١٩ز» کـە بـە «شـیخ الامـام الفقیـە» نـاسراوە، ئـەم زانایـە لەدایکبـووی شـاری حەلەبـە، بـەڵام دواتـر بـۆ درێـژەدان بەخوێندنـی زانسـتە ئایینیـەکان رووی کردووەتـە دیمەشـق، لـەم شـارە خەریکـی ئـەم زانسـتە بـووە، تـا کۆچـی دوای کـرد. (الـبرزالي، ٢٠٠٦م، ٢/ ٤١٣، ٤١٤؛ ابـن حجـر، ١٩٦٦، ٣/ ٤٦٨).

لــە زاناکانــی خەڵکــی هەولێــر «شــهاب الدیــن محمــد أبــن المجـد عبداللـة بـن الحسـین أبـن عـلي الاربـلي الـزرزاري، الدمشــقي الشــافعي م٦٦٢-٧٣٨ک/١٢٦٣-١٣٣٩ز» یەکێـک بـوو لـە شـەرعزانە گـەورەکان، شـارەزایی زۆری لـەم بـوارە هەبـووە، بەهــۆی لێهاتووییەکــەی بووەتــە موفتیــی دیمەشــق، ســەرقاڵی

وانەگوتنـەوە بـووە لـە شـارەکەدا، هەروەهـا خـاوەن پۆسـتی کارگێـڕی بـوو لەوانە «سـەرۆکی دادوەران» (الصفـدي، ١٩٨٨م، ٤/ ٥٣٦، ٥٣٧؛ ابـن كثيـر، ٢٠٠٣م، ٤٠٤/١٨ابـن تغـري، دت، ٣١٤/٩) هەروەهـا «تـاج الديـن عبداللـه بـن علـى بـن عمـر السـنجار الحنفـي م:٨٠٠ک/١٣٩٧ز» بـە شـەرعزانە بەناوبانگەکانـی دیمەشـق ناسرابـوو، لـە مـاوەی فەقێیایەتیـی خۆیـدا چەنـدان کتێبـی نووسـیوە لەگرنگتریـن کتێبەکانـی (البحـر الحـاوى فـى الفتـاوى)[17]. یەکێـک بـوو لەشەرعناسـە بەناوبانگـەکان (ابـن قـاضي شـهبة، ١٩٧٧م، ٣/ ٦٣٢، ٦٣٣؛ ابـن حجـر،، ١٩٩٨م، ٢/ ٣٨٣؛ ابـن قطلـو بغـا، ١٩٦٢م، ٣٢؛ ١٠١٠ الغـزي، ١٩٨٣م، ٢/ ١٧٦؛ حاجي خليفـه، ٢٠٠٦م، ٢١٨/٢). (حافظ الديـن محمـد بـن محمـد الكـردي الحـن المشـهور بأبـن البـزازي م:٨٢٧ک/١٤٢٣ز) لەدیمەشـق ژیـاوە. یەکێـک بـوو لـە زانـا نـاودارەکان شـەرعزان بـوو لـە (جامـع الفتـاوى)، چەنـدان بەرهەمـی هەیـە لـەدوای خـۆی سـوودیی زۆری هەبـووە بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە لـەم زانسـتە دەیانخوێنـد لـە گرنگتریـن بەرهەمەکانـی (الفتـاوي البزازيـة) کتێبەکـەی لەسـەر ڕەوشـتی گـەروە ئیمامەکانـە، هەروەهـا کتێبـی لەسـەر وڵاتـی ڕۆمیـش نووسـیەوە (: الذهبـي، ١٩٩٣م، ٤٧/، ١٣٨، ابـن عربشـاه، ١٨١٧، ج١/ ١١٦؛ السـخاوى، ٢٠٠٣م، ٣٧/١٠؛ أبـن الغـزى، ١٩٩٠م، ٢٧٠/٢؛ ابـن العماد، ١٩٨٦م، ٢٦٥/٩)

یەکێـک لـە شـەرزانە نـاسراوەکان بەنـاوی (محمـد بـن علـی بـن منصـور أبـو اللطـف الحسـكفى الشـافعي م:٨٥٩ک/١٤٥٤ز) لەسـاڵی (٨١٩ک/١٤١٦ز) لەدایـک بـووە. لـە تەمەنێکـی بچـووک خەریکـی خوێندنـی زاسـنتیە ئایینیـەکان بـوو، بـۆ دەستخسـتنی زانسـتە شـەرعیەکان سـەردانی ڕووی لـە چەنـد شـار کـردووە وەکـوو حەلـەب، قـودس، قاهیرە ودیمەشـق. چەنـدان کتێبـی نووسـیوە، لەگرنگتریـن کتێبەکانـی (رفـع الحجاب عـن مناكحـه أهـل الكتـاب)و (تحقيـق الـكلام فـى موفـق المأمـوم والامـام)، لەقوتابخانەکانـی قـودس خەریکـی وتنـەوەی وانەکانـی شـەرعزانی شـافعی بـوو. (السـخاوي، ٢٠٠٣م، ج٨، ٢٢١؛ اسـماعيل البغـدادي، د.ت، ١/ ٢٦٢). (الفقـه الشـيخ شـهاب الديـن أحمـد بـن أسـماعيل بـن عثـمان الشـهرزوري الگـۆراني م:٨٩٣ک/١٤٨٧ز) لەشــەرعزانە بەناوبانگەکانــی دیمەشــق بــوو، بــە مەبەســتی دەستخسـتنی زانسـتە ئایینـی وشـەرعزانی ڕووی کـردە بەغـدا وپاشـان چووەتـە دیمەشـق لـە زانسـت ناوبانگێکـی باشـی پەیـدا کـرد لـە لایـەن زانایانی مصر پەسـەند کـراوە، (الشـوكاني، ١٩٩٨م، ٣٠/١، ٣٢).دەتوانیـن بڵێـن ژمارەیەکـی زۆر لـە شـەرعزانای کـورد لەدیمەشـق بوونیـان هەبـوو، یـان بەمەبەسـتی خوێندنـی زانسـتە شـەرعیەکان ڕوویـان لـەم شـارە کـردووە، زۆربـەی شـەرعزانە کوردەکانـی دیمەشـق لـە پێڕەوانـی مەزهەبـی شـافعی بـوون.

تەوەرەی چوارەم:زانستی صۆفیگەری (علم التصوف):

لەنێـو بزاڤـی سـۆفیگەری لـە دیمەشـق، ژمارەیـەک سـۆفی دەرکەوتـن، بـە تایبـەت لـە سـەردەمی مەمالیـک. لەنێـو کوردیـش کۆمەڵێـک زانـای سـۆفیگەری هەبـوون، خەڵکێکـی زۆر لـە دەوریـان کۆبوونەتـەوە، ڕێـزی زۆریـان لەنـاو کۆمەڵگـەی دیمەشـقدا هەبـووە. لـە سـۆفییە بەناوبانگـەکان، لـە بنەماڵـەی فارقـی «شـيخ ابراهيـم فارقـى م:٦٥٨ک١٢٦٠ز» لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ئەسـعرد بـوو، زۆربـەی کاتەکانـی خـۆی بـۆ زانسـتی ئایینـی تەرخـان کردبـوو لـە مزگەوتـی دیمەشـق. (ابـو شـامة، ١٩٥٦م، ٢/ ٢١٠). «الشـيخ تقـى الديـن يعقـوب أبـى الفتـح ألاربـلي الصـوفي م:٦٧٣ک/١٢٧٤ز»، لـە شـاری هەولێـر لەدایـک بـووە، لـە تەمەنـی گەنجیدا کۆچـی کـردووە و بـۆ وڵاتـی شـام، لـە سـۆفییە بەناوبانگەکانـی دیمشـق بـوو بـە سـۆفیی خانەقـای «السميسـاطيه»[18] ناوبانگـی دەرکردبـوو. (الذهبـي، ١٩٩٣م، ٥٠/ ١٣٦ ؛ ابـن العـماد، ١٩٨٦م، ٥٩٤/٧).هەروەهـا «حسـن الكردى م:٧٠٠ک/١٠٠ز» لـە نزیک بێسـتانەکانی دیمەشـق ژیـاوە، بەهۆی ئـەوەی کەسـێکی دینـدار و خواپەرسـت و تەقـواکار بـووە، بۆیـە لەنێـو خەڵکـی دیمەشـق پێگەیەکـی زۆر باشـی هەبـوو، هـەر ئەمـەش وای کـرد پلـە و پایـەی لەنـاو خەڵکـی بـەرز بێتـەوە و هەمیشـە خەڵـک لـە دەوری کۆبووبوونـەوە، خەڵـک سـەردانیان کـردووە بـۆ ئـەوەی پرسـیاری لـێ بکـەن و گوێـی لـێ بگـرن (الذهبـي، ١٩٩٣م، ج١٥، ٩٥؛ الصفـدي، ١٩٩٨م، ٢/ ٢٥٧؛ ٢٠٠٠م،

١٧. البحـر الحـاوى فـى الفتـاوى: یەکێکـە لـە گرنگتریـن کتێبەکانی(تـاج الديـن عبداللـه بـن علـى بـن عمـر السـنجاري الحنفـى م:٨٠٠ک/١٣٩٧ز) لـەلای (أبـن مـودودى الموصلـى) لـە شـێوەی لقێـک لـە مەزهەبـی حەنەفـی ڕێکیخسـتووە.ابن تغرى بردى،النجـوم،ج١٢، ٦٣٢.

١٨. خانەقـای سمیسـاطیە: بەنـاوی سمیسـاگی ابـو قاسـم علـی کوریمحمـد السـلمی حبشـی بـووە، لەگەورەتریـن سـەردارەکانی دیمەشـق بـووە لەسـاڵی(٤٥٣ک/١٠٦١ز)کۆچی دوای کـردووە، ئـەو خانەقایـە تایەبـت بـوو بـە سـۆفییەکان.النعيمي،الدراس،ج٢، ١١٨.

١٢/ ١٩٤؛ المنـاوي، ١٩٩٩، ٢/ ٤٠٢)

یەکێکـی تـر لـە کـوردە دیـارەکان بەنـاوی «علـی حسـن السـقباوی الکـردی م:٧١٢ک/١٣١١ز» یەکێکـە لـە سـۆفییە بەناوبانگـەکان لەدیمەشـق نیشـتەجێ بـووە و لـە قوتابخانـەی «العزیزیـە»[19] وانـەی خوێنـدووە، هـەر لەوێـش ماوەتـەوە، یەکێـک بـوو لـەو شـێخانەی نـاو خەڵـک خـاوەن کرامـات بـوو، خەڵکـی زۆریـان خـۆش ویسـتووە، پرسـوڕایان پـێ کـردووە (ابـن فضل اللـة، ٢٠١٠م، ٨/ ١٩٥، ١٩٦؛ الذهبـي، ١٩٩٣م، (٧٠١-٧٤٦)/ ١٢٠). «عبداللـە بـن موسـی بـن أحمـد الجـزري م:٧٢٥ک/١٢٥ز» لەدایکبـووی هەرێمـی جەزیـرە بـوو، دوای ئـەوەی دەچێتـە دیمەشـق، لـەوێ نیشـتەجێ دەبێـت، بەهـۆی زۆریـی خواپەرسـتی، یەکێـک بـوو لـە زانـا و ناودارەکانـی دیمەشـق، بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ لـە گۆشـە و پەناگـەی ئایینـی لـە «جامـع الامـوی» دانشـتووە، زۆر گرنگـی بـە زانسـتی فەرمـوودەش داوە، بەشـداری لـە چەنـدان کـۆڕ و دانیشـتندا کـردووە بەتایبەتییـش کۆڕەکانـی «ابـن تیمیـە»، تەنیـا بەمەبەسـتی وەرگرتنـی زانسـت بەشـدار بـووە بـە شـێوەیەکی دوور لـە دەمارگیـری، چەنـد جارێکیـش حەجـی ماڵـی خـوای کـردووە. (الصفـدي، ١٩٩٨م، ٢/ ٧٣٤؛ حسـن، ٢٦٠/٢٠٠٨). «شـیخ عزالدیـن أمیـران بـن مسـاف، عـدی بـن مسـافر بـن أسـماعیل بـن موسـی بـن مـروان بـن الحسـن بـن مـروان الهـکاري»، لـە بنەماڵـەی «شـیخ عـدي کـوری مسـافر الهـکاري الکـردي :م ٥٥٧ک/١١٦٢ز» یەکێکـە لـە ڕێبەرانـی ڕێبـازی سـۆفیگەری، لـە ساڵی ٤٤٦ک/١٠٧٤ز لـە وڵاتی شـام دایـک بـووە، هـەر لـە تەمەنـی گەنجایەتییـەوە تێکـەڵ بـە بزافـی سـۆفیگەری بـووە، هاوڕێیەتـی سـۆفییە ناودارەکانـی کـردووە وەک «عقـل النبجـی، حـماد الدبـاس، أبـی النجیـب عبـد القاهـر السـهروردی، عبدالقـادر الجیـلي و أبـی الوفـاء الحلـواني». پاشـان وڵاتـی شـام بەجـی دەهێڵێـت و دەچێتـە ناوچەکانی چیای هـەکاری. (همـزە کاکـە یاسـین، ٢٠١٤م، ١٩٢) لـە سـەردەمی «الملـک نـاصر» کۆچـی کـردووە بـۆ وڵاتـی شـام لـە دیمەشـق نیشـتەجێ بـوو، پۆسـتی ئەمیـری پـێ دەدەرێـت، دواتریـش دەبێـت بـە میـری شـاری «صفـد»، دواتریـش دەگەڕێتـەوە بـۆ دیمەشـق خەریکـی خواپەرسـتن و دینـداری دەبێـت، لـە نێـو خەڵکـی خۆشەویسـت بـوو، کوردێکـی زۆری لـە دەوری کـۆ دەبوونـەوە، لـە ڕووی سیاسـی و سـەربازییەوە، پۆسـتی بـەرزی هەبـوو (الصفـدي، ١٩٩٨م، ١/ ٦٢١؛ ابـن فضـل اللـة، مسـالک، ١١٤/٨، ١٨٣). چونکـە دانـی نەنـا بـە دەسـەڵاتی مەمالیـک، بۆیـە سـوڵتانەکانی مەمالیـک کەوتنـە دژایەتیکردنـی شـێخ، چونکـە گوێبسـتی ئـەوە بووبـوون کـە شـێخ عزالدیـن نیـازی هێرشـدەکرنە سـەر مـصر و یەمەنـی هەیـە و ئامانجـی لەناوبردنـی مەمالیکـی هەیـە. لـە سـاڵی ٧٣١ک/١٣٣١ز لەلایـەن مەمالیکـەوە دەسـتگیر کـرا، یەکێـک بـوو لـەو کەسـایەتیانەی کـە مەمالیـک ترسـیان لێـی هەبـوو (الصفـدي، ١٩٩٨م، ١/ ٦٢١، ٦٢٢). «شـیخ اسـماعیل بـن سـلطان الکـردي م:٧٧١ک/١٣٧٧ز» یەکێـک بـوو لـە زانـا سـۆفیگەرە کوردەکان، خەڵکێکـی زۆری لـە دەوری کـۆ دەبوونـەوە، (ابـن حجـر، ١٩٦٩م، ١/ ١٦٠). «خـضر بـن عبداللـە الکـردي م:٧٨١ک/١٣٧٩ز» یەکێکـی تـر بـوو لـە زانـا سـۆفییە دیـارەکان، خەڵـک لـەدەوری کـۆ دەبوونـەوە، خەڵکـی خۆشـیان دەویسـت. (ابـن حجـر، ١٩٦٩م، ١/ ٢٠٣).

یەکێـک لـە ماڵباتـی ئەیووبـی «شـیخ نجـم الدیـن أیـوب الکـردي م:٧٩٢ک/١٣٠٢ز» کـە لـە شـاری دیمەشـق نیشـتەجێ بـوو، بـە کەسـێکی ڕاستگۆ بەناوبانـگ بـوو، میرەکانـش باوەڕیـان پـێ دەکـرد، دواتـر بـۆ میـسر ڕۆیشـت، لـەوێ گۆشـەکی بنیاتنـا (المقریـزي، ١٩٩٧م، ١٢٨/١، ٣٦٧/٢؛ العینـي، عقدالجـمان، ٤٣٩/١). «شـیخ صالـح محمـد الکـردي م:٨٠٢ک/١٣٩٩ز» یەکێـک بـوو لـە سـۆفییە لـە خواترسـەکان، دینـدار ولـە خـوا ترسـەکان بوو، سـۆفی بـوو خانەقـای «عمـر شـاە»[20]، کەسـێکی خواپەرسـت و دینـدار بـووە (ابـن حجـي، د.ت، ١ / ٤٣١؛ ١٢٩؛ السـخاوي، ٢٠٠٣م، ١٠/ ١٢٤). «ناصرالدیـن ابـو الفضـل محمـد بـم مـوسي ناصرالدیـن الموصـلي الهذبـاني م:٨٦٠ک/١٤٥٥ز» لـە سـاڵی ٧٧٧ک/١٣٧٥ز لـە دیمەشـق لەدایـک بووە، زانسـتی سـۆفیگەری خوێنـدووە لەلایەن دەسـتەیەک زانـا وگـەورە سـۆفییەکان، لـە گرنگتریـن کتێبەکانـی لـەم بـوارە نووسـیووە (صنـف فتـوح ودلائـل الطـلاب الـی منـازل الاحباب).گۆشـەکی لەدیمەشـق دروسـت کـردووە کە سـۆفییەکان

١٩. قوتابخانەی العزیزیە:یەکێکە لەقوتابخانەکانی دیمەشق لە لایەن(الملک عثمان عزیزی بن صلاح الدین ایوب) بنیاتنراوە.النعیمی،الدراس،ج١، ٢٩٠.

٢٠. خانەقـای عمرشـاە:یەکێکە خانەقاکانـی دیمەشـق لەبنەرەتـدا بە(النهریـن) ناسراوەی،دەکەوێتـە سـەر لقـی (قنـوات) لەرووبـاری بـردی لەدیمەشـق. النعیمی،ج٢، ١٤٧.

هەفتانە تێدا کۆ دەبوونەوە لە دیمەشق (السخاوي، ٢٠٠٣م، ١٠/ ٦٠ ؛ زرار صدیق توفیق، ٢٠٠١م/ ١٧٤). هەروەها «الشیخ علی الکردي م:٩٣٣ک/١٥٢٦ز» لە دیمەشق ژیاوە، زانستی تصوف لەلایەن «الشیخ علی محمد العراقی:٩٢٥ک/١٥١٩ز» و «محمد کوڕی علی کوڕی عبدالرحمن، شمس الدین ابن العراقی الدمشقی» یەکێک بوو لە سۆفییە بەناوبانگەکانی وڵاتی شام ومەککە. (الغزي، ١٩٩٧م، ١/ ٢٨٤)

ئەنجام

لە ئەنجامی قووڵبوونەوە بەنێو دەقە مێژووییەکان و خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان لەسەر پشکداریی کورد لە ژیانی زانستیی ئایینی شاری دیمەشق لە سەردەمی مەمالیکدا، گەیشتووین بە ئەو ئەنجامانە:

١-کورد یەکێک بوو لەسەرەکیترین پێکهاتەی نەتەوەییەکانی شاری دیمەشق، لەم شارە ڕۆڵی کارایان هەبووە لە زانستە جیاوازەکان.بەتایبەت لە زانستە ئایینیەکان کە گرنگی بەرچاوی تایبەتی پێدرابوو، شاری دیمەشقیش بووبووە مەڵبەندی کەمەندکێشکردنی زانا و فەرموودەناس و شەرعناسەکان و فەقیهەکان بوو.

٢-کوردەکان لە دیمەشق لە سەردەمی مەمالیکدا نازناوی بنەماڵە و هۆز و ناوچەیان دەخستە پاڵ ناوی خۆیان «الدمشقي» ناسناوی دووەمیان بووە، ئەمەش وای کرد کورد زیاتر بناسرێ لە جیهانی ئیسلامی و باکووری شام بەتایبەتی.

٣-زانایانی کورد لە کۆمەڵگەی دیمەشق ئاوێتەی ژیانی شارستانیەتیی شارەکە بوو، بە تایبەتیش زانستی ئایینی، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەم ئارامییەی کە باری بەسەر شارەکەدا کێشابوو شارەکە هەی بوو، ناوچەیەکی سەقامگیر بوو.

٤-ئافەرەتانی کوردیش بێبەش نەبوونە لە پشکداریکردن لە زانستە ئایینیەکان لە شاری دیمەشقدا، ناوی چەندان ئافرەتی کورد هاتووە کە کەم یان زۆر ڕۆڵی خۆیان بینیوە لەم بورەدا.

لیستی سەرچاوەکان

-الادنەوي، احمد بن محمد (ق١١ه)، (د.ت)، طبقات المفسرین، ط اخري.د.م.

-الادریسي، محمد بن محمد بن عبداللة (٥٦٠ه-١١٦٥م)، (١٩٨٨)، نزهة المشتاق في اختراق الافاق، عالم الکتب، بیروت.

-الاسنوي، جمال الدین عبدارحیم بن الحسن (ت٧٧٢هـ/١٣٧٠م)، (١٩٧١م)، طبقات الشافعیة، تحقیق:عبداللة الجبوري، مطبعة الارشاد، بغداد.

-البرزالي، ابو محمد القاسم بن محمد بن ابراهیم بن سعداللة (ت٧٣٩هـ/١٣٣٨م)، (٢٠٠٦م)، المقتفي علي کتاب الروضتین (تاریخ البرزالي)تحقیق:عمر عبدالسلام تدمري، المکتبة العصریة، بیروت، ٢٠٠٦.

-البغدادی، اسماعیل باشا (د.ت)، ایضاح المکنون في الذیل علی کشف الظنون عن اسامي الکتب والفنون، منشورالت مکتبة المثنئ، بغداد.

-ابي بکر، محمد بن عبداللة بن محمد ابن احمد بن مجاهد القیسي الدمشقي الشافعي، شمس الدین، الشهیر بابن ناصرالدین (ت٨٤٢ه)، (١٩٩٣م)، توضیح المشتبة في ضبط اسماء الرواة وانسابهم والقابهم وکناهم، المحقق:محمد نعیم العرقسوسي، مؤسسة الرسالة، ط١، بیروت.

-تغري بردي، یوسف بن تغري بردي بن عبداللة الظاهري الحنفي، البو المحاسن، جمال الدین (ت٨٧٤هـ/١٤٦٩م)، (د.ت) النجوم الزاهرة في ملوک مصروالقاهرة، وزراة الثقافة والأرشاد القومي، دار الکتب، مصر. (د.ت)المنهل الصافي والستوفي بعد الوافي، حققة وضع حواشیه:محمد محمد امین، الهیئة المصریة العامة للکتاب.

-ابن الجزري، شمس الدین ابو الخیر محمد بن محمد (ت٨٣٣ه/١٤٩٢م)، (٢٠٠٦م)، غایة النهایة في طبقات القراء، منشورات محمد علي بیضون، دارالکتب العلمیة، بیروت.

-حاجي خلیفة، مصطفی بن عبداللة القسطنطیني العثماني (ت١٠٦٧هـ/١٦٥٦م)، (٢٠١٠م)، سلم الوصول الي طبقات الفحول، المحقق:محمود عبدالقادر الارناؤوط، مکتبة ارسیکا، استانبول-ترکیا.

-ابن حجر العسقلاني، شهاب الدین ابو الفضل احمد بن علي بن محمد (ت٨٥٢هـ/١٤٤٨م)، (١٣٩٢هـ/١٩٧٢م)الدرر الکامنة في اعیان المائة الثامنة، المحقق:محمد عبدالمعید ضان، مجلس دائرة المعارف العثمانیة، الهند. (١٣٨٩ک/١٩٦٩ز)انباء الغمر

بانباء العمر، المحقيق:حسن حبشي، المجلس الاعلي للنشئون الاسلامية-الجنة احياء التراث الاسلامي، مصر.
-ابن حجي، تاريخ ابن حجي، ضبط النص وعلق علية، ابو يحي عبداللة الكندري، دار النفائس، بيروت، ٢٠٠٠م.
-حسن، قادر محمد، (٢٠٠٨م)، اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية، الحاج هاشم-اربيل، دهؤك.
-الحسني، الحافظ عزالدين احمد بن محمد بن عبدالرحمن (٦٩٥هـ/١٢٩٥م)، (٢٠٠٧م)، صلة التكملة لوفيات النقلة، تحقيق:بشار عواد معروف، دار الغرب الاسلامي، ط١، د.ن.
-الحضرمي، ابو محمد الطيب بن عبداللة بن احمد بن علي باخرمة، الهجراني الشافعي (٨٧٠هـ/٩٤٧م)، (١٤٢٨هـ/٢٠٠٨م)، قلادة النحر في وفيات اعيان الدهر، عني:بو جمعة مكري/خالد زواري، دارالمهاج، ط١، جدة.
-ابن الحمصي، احمد بن محمد بن عمر الانصاري (٩٣٤ه/١٥٢٧م)، (٢٠٠١م)، حوادث الزمان ووفيات الشيوخ والاقران، تحقيق:عبدالعزيز فياض حرفوش، دار النفائس للطباعة والنشر، بيروت.
-حميدان، زهير، (١٩٩٦م)، اعلام الحضارة العربيوة الاسلامية في العلوم الاساسية والتطبيقية العهود الزنكية والايوبيةوالمملوكيي، منشورات وزارة الثقافية، دمشق.
-ابو خلكان، ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد (ت٦٨١ه/١٢٨٢م)، (١٩٦٩م)، وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق:احسان عباس، بيروت.
-الذهبي، شمس الدين ابو عبداللة محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز (ت٧٤٨هـ/١٣٤٧م) (١٩٨٤)العبر فى خبر غبر، تحقيق:صلاح الدين المنجد، مطبعه حكومه الكويت. (١٤١٣ک/١٩٩٣م)تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، المحقيق:عمر عبدالسلام التدمري، دارالكتاب العربي، ط٢، بيروت.
-ابن رافع السلامي، ابو المعالي محمد (ت٧٧٤هـ/١٣٧٢م)، (٢٠٠٠م)، تاريخ علماء بغداد، (منتخب المختار)، صححة وعلق حواشية اعباس العذاوي، الدار العربية للموسوعات، ط٢، بيروت.
-الزبيدي، محمد بن محمد بن عبدالرزاق (ت١٢٥هـ/١٧٩٠م)، (١٩٨٧م)، التاج العروس، د.ن، الكويت.
-الزركلي، خيرالدين بن محمود بن محمد بن علي بن فارس (ت١٣٩٦هـ/١٩٧٦م)، (٢٠٠٢م)، الاعلام، دارالعلم للملايين، ط١٥، د.ن.
-السبكي، تاج الدين عبدالوهاب تقي الدينم_ (ت٧٧١هـ/١٣٦٩م)، (١٩٧٤م)، طبقات الشافعية الكبري، تحقيق:محمد محمود الطناحي وعبدالفتاح محمد العلو، دار احياء الكتاب العربية، القاهرة.
-السخاوي، شمس الدين ابو الخير محمد بن عبدالرحمن بن محمد بن ابي بكر بن عثمان بن محمد (ت٩٠٢ه-١٤٩٦م) (١٩٩٥م).وجيز وكلام في ذيل علي دول الاسلام، تحقيق:بشار عواد معروف وعصام فارس الحرساني، مؤسسة الرسالة، بيروت. (١٤١٩ک/١٩٩٩م)، الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الاسلام ابن حجر، المحقيق:ابراهيم باجس عبدالمجيد، دار ابن حزم للطباعة والنشر والتوزيع، ط١، بيروت-لبنان. (٢٠٠٣م)، الضوء اللامع لاهل القرن التاسع، ضبطة وصححه:عبدالطيف حسن عبدالرحمن، دار الكتاب العلمية، بيروت.
-السيوطي، جلال الدين عبدالرحمن بن علي (ت٩١١هـ/١٥٠٥م)، (١٩٧٢م)، طبقات المفسرين، تحقيق:علي محمد عمر، القاهرة.
-ابو شامة، عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسي (ت٦٦٥هـ/١٢٦٦م)، (١٩٥٦م)الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحية، باعتناء:محمد احمد، مطبعة لجنة التاليف والترجمة والنشر، القاهرة.
-الشوكاني، محمد بن علي (ت١٢٥٠هـ/١٧٥٣م)، (١٩٩٨م)، البدر الطالع بمحاسن من بعد القرن السابع، وضع حواشية خليل المنصور، منشورات محمد علي بيضون، بيروت.
- شمس والعمران، محمد عزيز وعلي بن محمد (١٤٢٢هـ)، الجامع لسبيرة شيخ الاسلام ابن تيمية خلال سبعة قرون، دار عالم الفوائد، ط٢، مكة.
-الصفدي، صلاح الدين خليل بن ايبك (ت٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، (١٩٩٨)اعيان العصر واعوان النصر، تحقيق:على ابو زيد، دارالفكر، دمشق. (١٤١٠هـ/٢٠٠٠م)، الوافى الوفيات، تحقيق:أحمد الاناؤوط مصطفى، دار احياء التراث، بيروت. (٢٠٠٧م)، نكث الهميان في نكت العميان، علق علية ووضع حواشية:مصطفي عبدالقادر عطا، دارالكتب العلمية، ط١، بيروت-لبنان.
-ابن طولون، شمس الدين محمد (ت٩٥٣ه/١٥٤٥م)، (١٩٨٠م)، القلائد الجوهرية في تاريخ
-عبدالمقصور، طة، (٢٠٠٤م)الحضارة الأسلامية، دراسة في تاريخ العلوم الاسلامية، بيروت.
-ابن عربشاه، الو محمد احمد بم محمد، (١٨١٧هـ)، عجائب المقدور في أخبار تيمور (ت٨٥٤ه)، د.ن، د.ت، ط كلكتا.
-ابن العماد، عبدالحي بن احمد بن محمد ابن العماد العكري الحنبلي (١٠٨٩هـ/١٦٧٨م، (١٤٠٦هـ/١٩٨٦م)، شذرات الذهب في أخبار من ذهب، حققة:محمود الارناؤوط، دار ابن

كثـير، دمشـق-بيروت.
-عمـر ومكـرم، احمـد مختـار وعبـدالال السـالم، (١٤٠٨هــ)، معجـم القـراءات القرانيـة، الكويـت.
-العينـي، ابـو محمـد محمـود بـن احمـد مـوسي بـن احمـد بـن حسين الغيتـابي الحنفـي بـدر الديـن (٨٥٥هــ/١٤٥١م)، (د.ت)، عقـد الجـمان في تاريـخ اهـل الزمـان، د.ن.
-الغـزي العامـي، رضي الديـن ابي الـبركات محمـد بـن احمـد بـن احمـد بـن عبداللـة (ت٨٦٤هــ/١٤٥٩م)، (٢٠٠٠م)، بهضـة الناظريـن الى تراجـم المتأخريـن مـن الشـافعية البارعـين، تحقيق:ابـو يحيـي عبداللـة الكنـدري، دار ابـن حـزم الطباعـة والنـشر، بـيروت.
-ابـن الغـزي، شـمس الديـن محمـد بـن عبدالرحمـن (ت١١٦٧هــ/١٧٥٣م)، (١٩٩٠م)ديـوان الاسـلام، تحقيق:سـيد كـسروي حسـن، دارالكتـب العلميـة، بـيروت.
-الغـزي، نجـم الديـن محمـد بـن محمـد (ت١٠٦١هــ/١٦٥٠م)، (١٤١٨هــ/١٩٩٧م)، الكواكـب السـائرة باعيـان المئـة العـاشرة، المحقق:خليـل المنصـور، دارالكتـب، ط١، بيروت-لبنـان.
-الفـاسي، محمـد بـن احمـد بـن عـلي، تقـي الديـن، ابـو الطيـب المكطـي الحسـني (ت٨٣٢هــ/١٤٢٨م)، (١٤٠١هــ/١٩٩٠م) ذيـل التقييـد في رواة السـنن والاسـانيد، المحقق:كـمال يوسـف الحـوت، دارالكتـب العلميـة، ط١، بيروت-لبنـان.
-ابـن فضـل اللـه العمـري، ابـو العبـاس شـهاب الديـن احمـد بـن يحـي (ت٧٤٩ک/١٣٤٨)، (٢٠١٠م)، مسـالک الابصـارفي ممالـک الامصـار، تحقيق:كـمال سـليمانالجبور، دارالكتـب العلميـة، بـيروت.
-ابـن الفهـد المكـي، محمـد بـن محمـد بـن محمـد، ابـو الفضـل تقـي الديـن ابـن فهـد الهاشـمي العلويالاضفـوني ثـم المكـي الشـافعي (ت٨٧١هــ/١٤٦٦م)، (١٤١٩هــ/١٩٩٨م)، لحـظ الالحـاظ بذيـل طبقـات الحافـظ، دارالكتـب العلميـة.
-ابـن قـاضي شـهبة، تقـي الديـن ابـن ابي بكـر بـن احمـد (ت٨٥١هــ/١٤٤٧م)، (١٩٧٧م)، (١٩٧٧م)، تاريـخ ابـن قـاضي شـهبة، تحقيق:عدنـان درويـش، دمشـق.
-قـادر، كامـل اسـود، (٢٠٠٩م)، دور الكـورد الحضـاري في مصروبـلاد الشـام خـلال عهـد دولـة المماليـک الجراكسـة، هولـير.
-القضاعـي، يوسـف بـن عبدالرحمـن بـن يوسـف، ابـو الحجـاج، جـمال الديـن ابـن الزكـي ابي محمـد الكلبـي المـزي (ت٧٤٢هــ/١٣٤١م)، (١٤٠٠هــ/١٩٨٠م)، تهذيـب الكـمال في اسـماء الرجـال، المحقق:بشـار عـواد معـروف، مؤسسـة الرسـالة، ط١، بيـورت.
-ابـن قطلـو بغـا، ابي العـدل زيـن الديـن قاسـم (٨٧٩هــ/١٤٧٤م)، (١٩٦٢م)، تـاج التراجـم في طبقـات الحنفيـة، مطبعـة العـاني، بغـداد.
-الكتبـي، محمـد بـن شـاكر بـن احمـد (ت٧٦٤هــ/١٣٦٣م)، (١٩٨٤م)، عيـون التواريـخ، تحقيق:نبيلـة عبدالمنعـم داؤد وفيصـل السـامر، دار العربيـة الطباعـة، بغـداد.
-ابـن كثـير، ابـو الفـداء اسـماعيل بـن عمـر بـن كثـير القـرشي البـصري ثـم الدمشـقي (ت٧٧٤هــ/١٣٧٢م)، (١٤٠٧هــ/١٩٨٦م)، البدايـة والنهايـة، دار الفكـر.
-كحالـة، عمـر رضـا، (د.ت)، معجـم المؤلفـين، دار احيـاء الـتراث العـربي للطباعـة والنـشر، بـيروت، د.ت (١٩٥٩م)، اعـلام النسـاء في العالمـين العـربي والاسـلامي، المطبعـة الهاشـمية، ط٢، دمشـق.
-ابـن مجاهـد، (١٩٨٠م)كتـاب السـبعه فـي القـراءات، تحقيق:شـوهيس ضيـف، القاهـرة، ١٩٨٠.
-المقريـزي، احمـد بـن عـلي بـن عبدالقـادر، ابـو العبـاس الحسـيني، تقـي الديـن (ت٨٤٥هــ/١٤٤١م)، (١٩٩٧م)السـلوک لمعرفـة دول المللـوک، المحقق:محمـد عبدالقـادر عطـا، دارالكتـب اعللميـة، ط١، بيروت-لبنـان.
-النجـدي القصيمـي، صالـح بـن عبدالعزيـز بـن عـلي ال عثيمـين الحنبـلي م١هبـا، الـبردي (١٣٢٠هــ/١٤١٠م)، (٢٠٠١م)، تسـهيل السـابلة المريـد معرفـة الحنابلـة ويليـة ((فائـت التسـهيل))، المحقق:بكـر بـن عبداللـة ابـو زيـد، مؤسسـة الرسـالة للطباعـة والنـشر والتوزيـع، ط١، بيروت-لبنـان.
-النعيمـي، عبدالغـادر بـن محمـد (ت٩٢٧هــ/١٥٢٠م)، (١٩٩٠م)، الـدارس في تاريـخ المـدارس، دار الكتـب العلميـة، بـيروت.
-اليونينـي، قطـب الديـن ابـو الفتـح مـوسي بـن محمـد (ت٧٢٦هــ/١٣٢٥م)، ذيـل مـرأة الزمـان، دار الكتـاب الاسـلامي، القاهـرة.

## ملخص

هـذا البحـث الموسـوم ب(اسـهام الكـرد في العلـوم الدينيـة في دمشـق خـلال عـصر المماليك(٦٥٨-٩٢٢هـ/١٢٦٩-١٥١٦م)،تينـاول دور الكـرد القاطنـين في دمشـق في العلـوم الدينية،باعتبارهـم أحـد المكؤنـات الهامـة لسـكان بـلاد الشـام وخاصـة الجـزء الشـمالي منـه. وكان أولئـک الكـرد ينتعـون الى قبائـل وطوائـف مخلفة.ويبـين البحـث الـدور الفاعـل الكـرد في تطويـر العلـوم الدينيـة في مدينـة دمشـق وتوابها.ويتألـف مـن أربعـة مباحـث،كل منهـا يخصـئ احـد فـروع العلـوم الدينيـة التـي بـرز حيـث علمـي القـراءات والتفسـير،اما الثـاني فقـد خصـصي العـام الحديـث والثالـث اللفقـة والأخـير للتصوف؛وقـد توقفـن في جميـع المباحـث عنـد دور الكـرد في دمشـق وتوابعهـا في كل علـم مـن العلـوم الدينيـة المذكـورة.


كلمات مفتاحية: كردي، زانا، دمشق، علوم الدينية


## Abstract

This historical research is entitled (Kurdish participation in religious scientific life in Damascus during the Mamluk period (922-658 AH/1516-1260 AD).The Kurds are considered to be one of the Muslim nations outside their homeland, mostly in northern Syria, especially in Damascus.  This city was the center of a large number of Kurdish tribes.During the reign of the Mamluks, the Kurds played a significant role in the development of religious scientific life in the city and provided significant services to the society of Damascus.This study focuses on the most prominent of these religious sciences in which the role of the Kurds has shone. Especially in the sciences of the Holy Qur'an, Hadith and jurisprudence. In addition to discussing the role of Kurds in Sufism, Kurdish scholars who participated in each of these sciences, Works of religious sciences have been presented in Damascus and outside the city.


Keywords: Kurd, Zana, Damascus, Religious Science